# نەورۆز لە ڕوانگەی مێژووییەوە

**شاسوار هەرشەمیی**

بۆچی بەسەر لێکدانەوە گەلێریەکانی ئەفسانەیی باز دەدەم و نەورۆز دەهێنمەوە سەر زەمینەیەکی مێژوویی؟. ئایا ناکرێت ئەفسانەکانی پەیوەند بە نەورۆز، لێکدانەوەی مێژووییان بۆ بکرێت؟ وەک وەڵامی ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری دیش، دەمەوێت مەبەستی خۆم لەم نوسینە ڕوون بکەمەوە، کە وەک هەموو نوسینەکانی دیم، توێژکارییین و کەم و زۆریش دژە باو و جیاوازن لە بۆچوونە باوەکان. من لە جیاتی ئەوەی بکەومە شیکردنەوەی ئەفسانەکانی نەورۆز، یان تێکهەڵشێلانی ئەو ئەفسانانە، دەمەوێت بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامە زمانەوانی و نوسراوە مێژووییانەی کە لەبەر دەست دان، گەشتێکی زانستی بۆ ئەو دیو ئەفسانەکانی نەورۆز بکەم، ڕاستیەکانی ئەم یادە کۆنینەیە بدۆزمەوە .

تا ئێستا، هەموو یان بەشی هەرە زۆری ئەوانەی کە لەسەر نەورۆزیان نوسیوە، خەریکی لێکدانەوە و شیکردنەوەی داستان و چیرۆکەکانی نەورۆز بوون. کار بەوە گەیشتووە، کە بە دوای شوێنەواری ئەو پاڵەوانە ئەفسانەییانەش دا بگەڕێن، کە لە داستانەکانی شانامەدا ناویان هاتووە. هەروەک مشتومڕی نەبڕاوەی ئەوەی، کە کاوە کێ بووە و کێی کوشتووە، بەشێکی دی لە نوسەرانی بەخۆوە خەریک کردووە. لە گاڵتەی کورد بوون و کورد نەبوونیشی گەڕێ، چونکە ئەوانە وایان داناوە، بوونی گەل و نەتەوە، بوونێکی نەمر و هەمیشەییە و کورد و فارس، لە سەردەمی داهاتنی ئەفسانەکانی کاوەش، هەر بەم شێوەیەی ئێستایان هەبوون. لێکدانەوەی زۆر تازەی چینایەتیش، بۆ توخمەکانی داستانی کاوەی ئاسنگەر کراون. بە گوێرەی ئاگادایی من، ئەحمەدی شاملو بوو، کە وایدانا کاوە دەستەڵاتی پاشایەکی گەلێری لەناوبردووە و دەستەڵاتی داوەتە دەست فەرەیدوونی نەوەی پاشا کۆنەکان. واتا ڕاپەڕینەکەی بەشێک نەبووە لە جوڵانەوەی خەڵکی دژی زۆرداری زوحاک، یان ئەژدیهاک.

دەبێت دان بەوە دابنێین، کە جگە لە ڕۆژی نەورۆز خۆی، ئەمانەی دی هەمووی ئەفسانەی درەنگترن. دیارە من نامەوێت لە ڕۆڵی ئەفسانە کەم بکەمەوە. زۆر جاران، ئەفسانەیە کە گیانی ناوکۆیی و هاودڵی، لە نێوان دانیشتوانی ناو سنورێکی جوگرافی، ئەوەندە دەباتە پێشەوە، کە میللەتێکی لێ دروست دەکات. ئەمە بە تایبەت بۆ ئەو گەل و نەتەوانە وەڕاست دەگەڕێت، کە زمان و زاراوەی زۆر و جۆراوجۆریان تێدایە. هەروەک سەر بە ئایین و ئایینزا و ڕێبازی ئایینی زۆر و لێکجیاوازن، وەک کوردان. واتا لە کاتێکی ئاوادا، ئەفسانەیە، کە بە بێ لەمپەری ئایینی، دەتوانیت بۆ ناو دڵی هەمووواندا شۆڕ بێتەوە و هەستێکی هاوبەش لە نێوانیاندا دروست بکات. هەمووان پێکەوە لە یادکردنەوە ئەفسانەییە نائایینیەکاندا، کۆبکاتەوە. لەو چرکە ساتانەدایە، کە هەمووان هەستی هاوبەشی گەڕانەوە بۆ خاکێک و مێژوویەکیان لا دروست دەبێت. گەلانی ئەورووپا، ئەفسانە و میتۆلۆژیاکانی گریکییان کردۆتە هی خۆیان و دەیان شتیان لەسەر بنیات ناوە. جارێک توشی پیاوێکی ئیسلاندی بووم. کە زانی لە سویدەوە هاتووم، بە گاڵتەوە گوتی:- سویدیەکان، ئەفسانە و چیرۆکەکانی ئێمەیان، لەسەر ڤایکینگەکان، لێ بۆتە ڕاستی و خستویانەتە ناو کتێبەکانی مێژووەوە. بە ڕاستیش هەر وایە. بە دەیان شەقام و کۆڵانی شارەکانی سوید، بە ناوی ئەو پاڵەوانە ئەفسانەییانەوە ناونراون .

ئەمەش دەزانم کە هەموو ئەفسانەیەک، بۆ سەرەتایەکی ڕاست دەگەڕێتەوە، بەڵام لەبەر کۆنی و گێڕانەوەی بەردەوام و گونجاندنی ناوەڕۆک، لەگەڵ گۆڕانە تازەکاندا، هەروەها پێویستی بەردەوامی تاکەکانی ناو کۆمەڵ، بە پاڵەوانی میللی، ئەم ڕووداوانە ئەمەندە گۆڕانیان بەسەر دادێت، کە ئەستەمە، سەرەتاکەی بە دڵنیایی بناسرێتەوە، یان بدۆزرێتەوە. بە کورتی من نەهاتووم تا بە ناوی ئەفسانە بوونەوە، شەڕی نەورۆز بکەم. بەڵام خۆ ناشکرێت هەر سەیری ڕووکەشە ئەفسانە ئەفسوناویەکەی نەورۆز بکەین و لێمان ببێت بە ڕاستیەکی ڕەها. من لێرەدا هەوڵ دەدەم نەورۆزێک بخەمە ژێر لێکۆڵینەوە، کە بەو ئەندازەیەی دەکرێت و دەشێت، دوور بێت لەو ئەفسانانەی کە لەسەری هەن. ئەمە بەو واتایە نیە، کە من

خۆم لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی توخمە ئەفسانەییەکانی نەورۆز دەدزمەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بە شێوەیەکی دی جیاواز لە هەموو لێکۆڵینەوەکانی دی، هەڵگێر وەرگێریان دەکەم.

**نەورۆز و ساڵنامە:**

ئەگەر سەیری ساڵنامەی سروشتی گەردوونیی بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە کەژەکانی ساڵ، پەیوەندیان بە سورانەوەی گۆی زەوی هەیە، لە چواردەوری تەوەرەیی خولگەیەکی دیاریکراوی خەپڵەی خۆر. هەر بە هەمان شێوەش، گۆڕانی پەیوەندی لە نێوان، درێژیی شەو و ڕۆژ، پەیوەندی بەو سوڕانەوەیە هەیە. دەبینین، لێک تێپەڕینی کەلوەکان، دەکەونە ڕۆژەکانی 21ی هەر مانگێکی زایینی، یان ڕۆژێک پاش و پێش. هەروەک بەم شێوەیە، 21ی مانگی دیسێمبەر، دەبێتە درێژترین شەو کە لە فەرهەنگی ئێمەدا، بە شەوی یەڵدا ناسراوە. 21ی مارت، شەو و ڕۆژ وەک یەکیان لێ دێت. ئەم ڕۆژە لای ئێمە سەری ساڵە و ڕۆژی نوێ، یان نەورۆزی ساڵ دەبێت. لە 21ی یونی، یان مانگی شەشەممی زایینی، درێژترین ڕۆژی ساڵ دەبێت. لە 21ی مانگی سێپتێمبەریشدا، ڕۆژ ئەوەندە کورت بۆتەوە، کە دیسان وەک شەوی لێ دێتەوە. بەمجۆرە دەستنیشان کردنی هەر یەکێک لەم چوار ڕۆژەی سەرەوە، لای گەلانی جۆراوجۆر بۆ یادکردنەوە، پێش هەموو شتێک ئاماژەیە بۆ دیاردەیەکی گەردوونیی. سویدیەکان، لە ڕۆژی 21ی یوونی، یان مانگی شەش، ئاهەنگێکی گەورە دەگێڕن، بە ناوی midsommar ، چڵلەی هاوین، کە ئەو ڕۆژە درێژترین ڕۆژی ساڵە. دیاردەی زانین و لێکدانەوەی لێکتێپەڕینی کەلوەکان، لە میزۆپۆتامیا زۆر کۆنە. لانی کەم لە سەردەمی بابلیاندا ناسراو بووە. مەبەستم دوازدە کەلوەکەیە: بەرخ. گا. جمکە. قرژاڵ. شێر. فەریک. تەرازو. دوپشک. کار. کەوان. دەولک و نەهەنگ. هەر لە کۆنەوە مرۆڤی وڵاتی ئێمە، ئەو ئەستێرانە و ڕەوت و جغزی جوڵانەوەیان و پەیوەندی نێوانیانی، بە گوێرەی بازنەی خولانەوەیان، دۆزیوەتەوە و ناسیویەتی. تەنانەت بەختەوەری تاکی مرۆڤ و ڕووداوە سروشتیەکانیشیان، بە کاریگەریەکانی جوڵەی ئەو کەلوانەوە گرێداوە. هەروەک تا ئەمڕۆش، زوربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، بە هەمو زمانەکانی دنیا، بایەخ بەو دیاردەیە دەدەن. وەک زووتریش گوتومانە، ئەو کەلوانە، لە 21ی هەر مانگێکی زایینی، یان سەرە مانگی کوردی، لە یەکتری ڕەت دەبن. بۆ نمونە، بورجی بەرخ، لە 21ی مارت، لە بورجی نەهەنگ دوور دەکەوێتەوە. لە 21ی نیسانیشدا، دەچێتە جغزی گا. کەواتە بە پێی ئەو لێکدانەوە گەردوونیە بێت، دەبێت 21ی هەر مانگێک، یەکەم ڕۆژی مانگ بێت .

بەمجۆرە، بە گوێرەی ساڵنامەی زەردەشتی، کە لەسەردەمی دەستەڵاتی ساسانیان، کاری پێدەکرا، نەورۆز سەری ساڵی تازە بوو. واتا ئەو ڕۆژە بوو، کە تێیدا ڕۆژ وەک شەو درێژ دەبووەوە، هاوکات کەژ و هەوای وڵاتیش گەرمتر دەبوو. بە گوێرەی ساڵنامەی زەردەشتی، ساڵ، بەسەر دوازدە مانگ دابەش کرابوو. هەر مانگێکیش 30 ڕۆژ بووە. بەمجۆرە ساڵێک دەیکردە 360 ڕۆژ. واتا هێشتا 5، پێنج ڕۆژ، یان وردتر، 5 ڕۆژ و 5 سەعات و 48 خولەک و 50 چرکە دەما بۆ پڕ کردنەوەی ساڵێکی تەواو.

زەردەشتیان، کە بێئاگا بوون لە 5 سەعات و 48 خولەک و 50 چرکەکە، ناویان لەو پێنج ڕۆژە ماوەیە نابوو (پەنجە)، بە واتای پێنج. هەروەک لاشیان وابوو کە لەو پێنج ڕۆژانەی پێش سەری ساڵ، یان هاتنی نەورۆز، گیانی مردوانیان، سەردانی ماڵەکانی خۆیان دەکەنەوە. ئەوان بەو ڕۆژانەشیان دەگوت (فەڕ ئاوەردەگان)، یان فەڕهاوردان. زەردەشتیان لەو پێنج ڕۆژانەدا، خوانی خواردنیان دەڕازاندەوە. شیرینی جۆراو جۆر، میوە، گوڵ و بۆن و گوڵاوی بۆن خۆش، هەروەک ئاگر و مۆمیان لەسەر خوان دادەنا. هەروەها بۆ ئەوەی دڵی مردوانیان لێ نەڕەنجێت، دەبا هەموو ئەوانەی کە کێشە و ناخۆشی و دڵ ئێشانیان پێکەوە هەبووە، لەو ڕۆژانەدا، لەگەڵ یەکدی ئاشت ببانەوە. ئیدی دوای کۆتایی هاتنی پێنج ڕۆژەکە، ئینجا دەبوو بە نەورۆز و یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێ .

لە ڕۆژی نەورۆز، ئەوان دەچوونە سەر بانی خانوەکانیان و شوێنی بڵندی دی، نزیک ماڵەکانیان، بۆ ئاگر کردنەوە، وەک ماڵئاوایی کردن لە گیانی مردوانیان، کە لەو پێنج ڕۆژەدا لەناویاندا بوون.

گەر نەختێک لەسەر خودی وشەی نەورۆز و واتاکەی ڕاوەستین، ئەوا دەڵێم، نەورۆز واتا ڕۆژێکی نوێ. سەری ساڵ و ساڵ وەرسوڕانەوە. لە پەهلەوی پێیگوتراوە nok roç ، نۆک رۆچ. فارسی نوروز، نەوروز. واتا ڕۆژی نو. ئەمڕۆ کوردو فارس و گەلانی ئەفغان و تاجیک و هەندێک گەلی دیش، کە ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ ئێمە دەژین، وەک ئازەربێجانی، ئوزبەگی، نەورۆز وەک جەژنی سەری ساڵ یاد دەکەنەوە .

یادکردنەوەی سەری ساڵ، لە سەرەتای بەهار، لە فەرهەنگە کۆنەکانی میزۆپۆتامیا، زۆر کۆنە. تەنانەت ساڵنامەی کۆنی ڕۆمانیش، بە ئاشکرا دەریدەخات، کە سەری ساڵیان، هەر کەوتبووە نەورۆزەوە. تا ئێستاش ناوی مانگەکانی نۆ و دەو یازدە و دوازدە، بە زمانی لاتینی، بریتین لە سێپتیمبەر، september ئۆکتۆبەر . october، نۆڤێمبەر، november و دیسێمبەر، december، کە هەموویان ژمارەی ئاسایی لاتینین و بەڕیزە بریتین لە septa، حەفتەم. Okta، هەشتەم. nova، نۆیەم و desa، دەیەم. کەواتە گەر ئەو ژمارانە، جاران ناوی ڕاستی مانگەکان بووبێت، بە بەرەو دواوە ژماردنیان تا سەر ژمارە یەک، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە مانگی ژمارە یەک، دەکەوێتە هەمان مارتەوە، کە هەمان مانگی (نەورۆزە). کەواتە ژماردنی ڕۆژەکانی مانگ و ساڵ، بە گوێرەی لێکتێپەڕینی کەلوەکان، دیاردەیەکی ناسراوی میزۆپۆتامی بووە و گەلانی هیندۆروپی، زۆر زوو پێی ئاشنا بوون .

**هۆکاری دیش هەن:**

بێگومان لە نوسراوەی کەسانی دیش، زۆر هۆکاری دی بۆ ئاگر کردنەوە لەبەر چاو گیراون. من کارم بەسەر لێکدانەوەکاندا نیە. بەڵام ئەو نوسینانەی کە کۆنن و وەک بەڵگەی مێژویی دادەندرێن، بایەخیان هەیە. یەکێک لەوانە نوسراوەی زەردەشتیانی بە زمانی پەهلەوی (بەهدینان)ە. لەو نوسراوەدا وا هاتووە، کە هەر چەند ساڵێک و ساڵێک بە ناپڕی دەمایەوە. ئەمەش وای کردبوو کە خەڵک ڕۆژی هاتنی سەری ساڵیان نەدەزانی. پیاوانی ئایینی، واتا موغ و هیربەد و موبەدان، کە شارەزاییان لە هاتنی ڕۆژی نەورۆز و ڕۆژانی پەنجە هەبوو، لەسەر بانیماڵەکانی خۆیان و شوێنی دی بڵند، ئاگریان دەکردەوە، تا خەڵک لە هاتنی سەری ساڵ و ئەو ڕۆژانە ئاگادار بکەنەوە. دەبێت ئەوەش بزانین، کە ئاگر جگە لەوەی کە لە دوور دەبیندرێت، لای زەردەشتیانیش، ئاگر، وەک ڕۆشنایی خوداوەند، بە پیرۆز زاندراوە.

سەرەڕای لێکدانەوەی سەرەوە، یان لێکدانەوەی دی هاوچەرخ، کە گوایا، ئاگر بۆ گەیاندنی هەواڵی شۆڕش و کوژرانی ئەژدیهاک، لە لوتکەکان کراوەتەوە، تا خەڵکی دوورە دەست بزانن کە ڕووداوێکی گرنگ قەوماوە، کەچی بۆچوونە کۆنە کلاسیکیەکەی، کە لە ڕۆژی نەورۆز، خەڵکیی، دەچوونە سەر بانی خانوەکانیان و شوێنی بڵندی دی، نزیک ماڵەکانیان، بۆ ئاگر کردنەوە، وەک ماڵئاوایی کردن لە گیانی مردوانیان، کە لەو پێنج ڕۆژەدا لەناویاندا بوون، لە هەموو لێکدانەوەکانی دی پتر گونجاوە.

وەک دەردەکەوێت، لەوانەیە کە نەورۆز، هەر لە سەرەتاوە، بەخێرهاتن بووبێت، لە گۆڕانی کەژ و هەوا و وەک سەری ساڵی تازە، سەیر کرابێت. دیاردەی جەژن گرتنی سەری ساڵ، لە لای گەلانی دی کۆنی میزۆپۆتامیا، زۆر کۆنە. سومێریەکان، کە سەردەمێکی کۆنی پێش مێژو لە شوێنێکی باکوری میزۆپۆتامیا، بەرەو باشور کۆچیان کردووە، سێ هەزار ساڵ پێش ئەمڕۆ، یادی سەری ساڵیان کردۆتەوە. ئەوان لایان وابووە، کە (دموزی) خوداوەندی بەپیتیی، چونکە خۆشەویستی خوداوەند ئینانا، یان ئیشتاری نەپەژیراند، لەسەر داخوازی وێ، لە پایزدا دەکوژرێت، بۆیە لەو یادەدا، بە شێوەی ئەوەی ئێستا، کە شیعەکان بۆ کوشتنی (حوسێن) یادی دەکەنەوە، بە ڕێ پێوان و گریان، یادی مەرگی دموزیان دەکردەوە. هەروەک دموزی، لە سەرەتای بەهاری هەموو ساڵێکیشدا، ئەو دیسان زیندوو دەبووەوە، بۆیە بەو بۆنەیەوە، جەژنیان دەگێرا. زیندو بوونەوەی دموزی لە بەهاراندا، بریتی بووە لە ژیانەوەی گیا و گۆڵ و گوڵ و دار و دەوەن .

لە نوسراوی مێژونوسانی سەرەتاکانی ئیسلامدا، بۆچوونی دیش لەسەر جەژن گرتنی نەورۆز هاتووە. لەوانە، گوایە کە هەموو ساڵێک، جوتیاران، کە زۆرینەی دانیشتوان بوون، 25 ڕۆژ پێش وەک یەک لێهاتنی شەو و ڕۆژ، یان هاتنی نەورۆز، دانەوێڵەی جۆراو جۆریان، لە قاپە گڵینەکاندا دەچاند. لە ڕۆژی نەورۆزدا، دەهاتن و سەیری هەمووانیان دەکرد. ئەو

دانەوێڵانەی کە باش ڕسکاو و ڕووا بوون، وا لێکدەدرایەوە، کە لە وەرزی چاندنی ئەمساڵدا، تەنیا ئەمانە باش دێنە بەر. واتا بەرهەمی باش و خراپیان لێک جوێ دەکردەوە. دوای ئەم کارە، ئەم ڕۆژەیان دەکردە جەژن. دیاردەی چاندنی گەنم، لە ناو قاپێک و لەسەر خوانی نەورۆز دانانی، هێشتا لە هەندێک شوێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێرەو دەکرێت، بەڵام ئیدی چیدی پەیوەندی بە لێکجوێ کردنەوەی جۆری باش و خراپی دانەوێڵەوە نیە و بۆتە بەشێک لە نەریتی یاد کردنەوەی نەورۆز .

دیارە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی، بۆ سەلماندنی ئەم لێکدانەوەیەمان لەبەر دەست دانیە، بەڵام بە دووریش نازاندرێت، کە جەژنی نەورۆز، زۆر بە توندی بە نەریتەکانی چاندن و کشتوکاڵەوە گرێدرابێت. گەر سەیری ناوی سەرجەم مانگەکانی کوردی بکەین، دەبینین، هەموویان، پەیوەندیان بە کەژ و هەوا و سروشت و کشتوکاڵەوە هەیە. واتا ناوی مانگە کوردیەکان، لە ژینگەیەکی جوتیاری هاتوون. لە ناوەکاندا، بۆنی گوڵان و جۆخین و خەرمانە و باقە بێنەی گەنم و جۆ و تۆزی گەنم بە با کردن و جەنجەڕو کا و زەڵ هاڕین و گەڵا وەرین و سەرما و سۆڵە و بەفر بارین و گەیینی بەری ڕەزان و ڕێگیران لە بەر بەفری زۆرمان دێتەوە یاد. وەک لە ناوەکانی، بانە مەڕ= گوڵان. پوشپەڕ. خەرمانان. گەلاوێژ. ڕەزبەر. گەڵاڕێزان. سەرماوەز. بەفرانبار. ڕێبەندان و ڕەشەمێدا دەردەکەوێت.

زۆر گرنگە کە وەبیری بێنمەوە، نەورۆز هەمیشە لە 21ی مانگی ئادار یادی نەکراوەتەوە. دیارە شارەزایی مرۆڤی کۆن، لە سوڕانەوەی زەوی و گۆڕانەکانی ژماردن بە خۆر و مانگ، کەم بووە. هەر تەنیا پشتگوێ خستنی ئەو 5 سەعات و 48 خولەک و 50 چرکەیەی، کە خولی ساڵی پێ کۆتایی دێت، دەبێتە هۆی ئەوەی، هەر 120 ساڵێک و هاتنی ڕۆژی نەورۆز، یەک مانگ دوا بکەوێت. لە سەردەمی دەستەڵاتی ساسانیاندا، چەند جارێک، ساڵ کراوەتە 13 مانگ، تا ئەو کەلێنە پڕ بکرێتەوە. دیارە ئامرازەکانی پەیوەندیی جاران، وەک ئێستا نەبوون. هەروەک زۆرێک لە میر و دەستەڵاتدارانی ناوچەیی، حەزیان دەکرد، کە خۆیان بڕیار بدەن، بۆیە لە هەموو کونجێکی وڵاتیشدا، نەورۆز لە یەک ڕۆژی هاوبەش نەدەکرایەوە. لەوەش گەڕێ، کە بە هۆی مردنی پاشایەک، تاج لەسەر نانی پاشای نوێ، یان شەڕی گەورە، گەلێک جاران جەژنی نەورۆز دواخراوە. لە سەرچاوە مێژووییەکاندا، یادکردنەوەکانی نەورۆز، لە ڕۆژ و مانگی لێکجیا، ئاماژەی بۆ کراوە. ئەم کێشەیە هەروا مایەوە، تا لە سەردەمی دەستەڵاتی مەلەکشای سەلجوقی (1072-1092ز)، لە لایەن وەزیری وی، واتا نیزامول مولک، لە ساڵی 1074ز، ساڵنامەی جەلالی داهێندرا. لەو ساڵنامەیەدا، شوێنی نەورۆز لە 21ی ئادار چەسپ کرا .

ژمارەی ڕۆژەکانی جەژنیش، وەکو یەک نەبووە. بە گوێرەی سەردەم و شوێنەکانەوە، یادەکانی جەژبی نەورۆز، لە یەک ڕۆژەوە، تا مانگێکی خایاندووە. لە سەردەمی دەستەڵاتی ساسانیاندا، ئاهەنگ و جەژنی نەورۆز، کرابووە یەک مانگ. هەر چینێک، یان دەستەیەکی ناو کۆمەڵگای ئەو کات، 5 ڕۆژی جەژن کردنی بۆ داندرابوو. بەمجۆرە یەکەم (5) ڕۆژ، بۆ پاشا و کەسە نزیکەکانی وی بوو. دووەم (5) ڕۆژ، بۆ ئەو کەسانە دیاریکرابوو کە دەبا لە لایەن پاشاوە دیاری و پلە و پایەیان پێ بدرێت. سێیەم (5) ڕۆژ، تایبەت بوو، بە کاربەدەست و کەسانی ناو کۆشک و پەردەی پاشا. چوارەم (5) ڕۆژ، جەژنی ئەوانە بوو کە پاشا دەستنیشانی کردبوون.  پێنجەم (5) ڕۆژ، جەژنی لەشکریان بوو. شەشەم و دوا (5) ڕۆژیش، بۆ کۆمەڵانی خەڵک داندرابوو. وا تێمەگە کە ئەم سیستەمە ئاڵۆزەی جەژن کردن، بۆ بایەخی نەورۆز گەڕابێتەوە. نەخێر، مانگی نەورۆز، لە سیستەمی دارایی ساسانیان، مانگی کۆکردنەوەی باج و داهات بوو. هەروەک مانگی پلە بەرزکردنەوە، یان گۆڕینی کاربەدەستان بووە. بۆیە هەر دەستەیەک لە (5) ڕۆژەکەی خۆیدا، یان دەبا باج بدات، یاخود (دیاری) بۆ پاشا بێنێت. پاشاش دیاری بەوانە دەدا، کە باشترین کاریان بۆ وڵات کردبوو.

دیاردەیەکی دی سەرنجڕاکێش ئەوە بوو، کە نەورۆز، هەرچەندە سەرەتا تەنیا خۆشی نواندن بوو بە درێژ بوونەوەی ڕۆژ و هاتنی بەهار، لە سەردەمی ساسانیاندا، بۆ یەکەمجار، بەرگێکی ئایینی لەبەر کرا و بوو بە یەکێک لە جەژنە ئایینیەکانی زەردەشتی. پێش دەستەڵاتی ساسانیان، هەردوو دەستەڵاتی ماد و هەخامەنشی، دەوڵەت و دینیان تێکەڵ نەکردبوو. پارتە ئەشکانیەکان، لە کۆتایی دەستەڵاتیاندا، بەو ئاراستەیەدا هەنگاویان نابوو، کە دەوڵەت و ئایینی زەردەشتیی تێکهەڵبکێشن. لای ساسانیەکان، هەر لەگەڵ هاتنی ئەردەشێری بابەکانی دامەزرێنەر، ئەو وەک موغێک خۆی دەرخست و دەوڵەت و دینی

کرده یەک. دیارە درەنگتریش، بە هۆی نەریتی ئاگر هەڵکردن لە نەورۆز، ئەوانەی کە دژی یادکردنەوەکەی دەوەستان، هەر هەمان ئەو ئاگر کردنەوەیان دەکردە بیانو، کە گوایا ئەمە جۆرێکە لە ئاگری پیرۆزی ئاتەشگاکانی زەردەشتی و خەڵک بەو شێوەیە ڕێزی بۆ دەنوێنن.

**چوارشەمە سوری چیە؟**

چوارشەمە سوری، چوارشەمە سورە، یان کوڵە چوارشەش دەگوترێت. هەندێک ئاماژەی کۆن هەن، کە وا دەردەخەن، پشوی هەفتە لای زەردەشتیان، لەوانەیە پێش زەردەشتیانیش، لە لای ئێمە، لە ڕۆژی چوارشەمەدا بووبێت. تا ئەمڕۆش، دیاردەی ڕێز گرتن لە چوارشەمە، بە شێوەی جۆراوجۆر، لە ناو کۆمەڵگای کوردی دەبیندرێت. خەڵک لە ڕۆژانی چوارشەمە لە ماڵ دەردەچوون و ڕوویان لە گەشت و گوزار دەکرد. هەر لە چوارشەمواندا، کەسانێکی زۆر، سەردانی مەزاری پیر و پیاو چاکانیان دەکرد. ئەمە تا ساڵانی حەفتاش، لە شاری هەولێر دەبیندرا. من خۆم گوێم لە ژنانی بە تەمەن بووە، کە سور بوون لە سەر ئەوەی، گوناهێکی گەورەیە، گەر ڕۆژانی چوارشەمە، خۆیان بشۆن، یان سەری منداڵەکانیان و جل و بەرگیان بشۆن، چونکە ئەو ڕۆژە بۆ پشو تەرخان کراوە.

لای ئێزدیەکانیش، یادی (چارشەمەسۆرە) دەکرێتەوە. وەک ڕوونمان کردۆتەوە، ئێزدیان، بە هەمان شێوەی بابلیانی کۆن، دوای سێزدەبەدەر و لە یەکەمی نیسان، یادی سەری ساڵی ئێزدی دەکەنەوە، کە بێگومان یادەکە پاشماوەی هەمان یادکردنەوەی سەردەمی بابلیەکانیشە. ئەوان لە دووەم چوارشەمەی دوای هاتنی سەری ساڵیان، جەژنی چارشەمە سۆرە پیرۆز دەکەن، هەر بە هەمان ناویشەوە. وەک دەردەکەوێت، دوو جەژنەکە، بەری تێکەڵکردنی دوو فەرهەنگە و ئێزدیەکان هێشتا بە زیندویی ڕایانگرتووە.

غەنی بلوریان، ئاوا باسی چوارشەموانی مەهابادی سەردەمی منداڵی خۆیمان بۆ دەکات (گشت ڕۆژانی چوارشەمە، ژنانی گەڕەکە جیاوازەکانی شار، بە کۆڕ و کۆمەڵ، دەچوونە سەیران و هەڵپەڕکێ). بوونی ڕۆژێکی تایبەت بە پشوی ئایینی، دیاردەیەکی زۆر نامۆ نیە. هەر سێ ئایینە ئاسمانیەکەش، هەر یەکە و ڕۆژێکی هەفتەیان بۆ خۆیان داناوە. جولەکە ڕۆژی شەمە. مەسیحیان ڕۆژی یەکشەمە. موسوڵمانانیش ڕۆژی هەینی .

نازاندرێت لە کەیەوە، وەک بەشێک لە یادەکانی نەورۆز، ئاگری چوارشەمە سورە کراوەتەوە. ئەوەی بۆ من زاندراوە، کۆنترین نوسەرێک، کە لەسەر ئەم بابەتەی نوسیبێت، مێژونوس (ئەلبەیرونی "973-1048ز") بووە، کە پتر لە هەزار ساڵ پێش ئێستا، لە کتێبەکانی (التفهيم و الآثار الباقية)دا لێی دواوە. گێڕانەوەکەی ئەلبەیرونی، ئاماژەیە بۆ جیاوازی ساڵانە، لە نێوان ژماردنی مانگ، لە ڕێگای دەرکەوتنی مانگەوە، یان ڕۆژژمێری مانگیی، لەگەڵ ژماردنەکە، بە خولانەوەی زەوی لە دەوری تەوەرەی خۆیدا، یان ڕۆژژمێری هەتاوی. ژماردنی مانگیی، کە ئیسلام لە نەریتێکی کۆنی عارەبی بۆی ماوەتەوە، ساڵانە (11) ڕۆژی کورتترە، لە جۆری ژماردنی دووەم. واتا ژماردنی ڕۆژێکی دیاریکراوی ڕۆژژمێری ئیسلامی، لە ماوەی (32) ساڵدا، بە هەر چوار کەژەکەی ساڵدا تێدەپەڕێت.

ئینجا ئەو دەڵێت:- کە ساڵێک وا ڕێککەوت، سەری ساڵی مانگی و نەورۆز، تەنیا (12) سەعاتیان نێوان بوو. خەڵک ئەو دوازدە سەعاتەیان، تا نیوە شەو بە ئاگر کردنەوە و ئاهەنگ گێڕان بردە سەرێ. ئیدی دوای ئەو ساڵە، خەڵکەکە هەموو ساڵێک، بە لاسایی کردنەوەی ئەم پێشهاتە، لە شەوی دوا چوارشەمەی ساڵ، یان پێش نەورۆز، ئاگر دەکەنەوە. خەڵکیی، جاران لە چوارشەمە سوریدا، کەژاوە بازیان دەکرد. ئەندامانی خێزان، لە چواردەوری ئاگر کۆدەبنەوە و هەر یەکەیان دەبا حەوت چڵە داری وشک، یان چیلکە، لە ئاگری باوێت. ئەو کاتانەش بوو، کە دەیانگوت (ئاگرەکە، سوری تۆ لە من، زەردی من لە تۆ).

ئێمە ئەوە دەزانین، کە ئاگر کردنەوەی چوارشەمە سوری، سەرلە ئێوارەی سێشەممە دەکرێتەوە. هەروەک ئاگری نەورۆزیش، لە ئێوارەی 20ی مانگی مارت و ڕۆژێک پێش هاتنی نەورۆز دەکرێتەوە. من گومانم بۆ ئەوە دەچێت، کە دیاردەکە، بۆ جۆرە ژماردنێکی کۆن و باوی شەو و ڕۆژ بگەڕێتەوە، کە هێشتا لای ئێمە باوە. وەک دەزانین، لە ناو کوردەواری، بە ئێوارەی پێنجشەممە دەگوترێت شەوی هەینی. کەواتە بە هەمان شێوە ئاگری ئێوارەی سێشەمە، بە چوراشەمە سوری ناودێر دەکرێت. مێژونوسان هۆکاری دیان بۆ ئەمە ئاماژە پێ کردووە.

مێژونوسی ناسراو (ئەلمەسعودی"896-957 ز")، پێش ئەلبەیرونی، لە کتێبی (مروج الذهب)، لەسەر هەمان بابەت، بە کورتی دەنوسێت، جاران چوارشەمە سوری، لە ڕۆژانی چوارشەمە دەکرایەوە، بەڵام ئەو ڕۆژە لای عارەبان شوم و بەدە، خەڵکیش بۆ ئەوەی عارەبی دەستەڵاتدار نەڕەنجێنن، ئاگر کردنەوەکەیان، خستە ئێوارەی سێشەمە لەسەر چوارشەمە.

**سوران:** هەروەها سورە. سور. وشەیەکی کۆنە بە واتای ئاهەنگ و جەژن گرتن. هەروەها یادکردنەوەی خۆشی بەکارهاتووە. لە هەورامان سووران بریتیە لە شایی. زەماوەند. وشەکە جگە لەم واتایەی سەرەوە، بە تەنیا لە زبانی کوردی چیدی واتا نادات، بەڵام لە ناوی هەندێک یادو ئاهەنگدا، بە پارێزراوی ماوەتەوە وەک خەرمانە سوری. خەتەنەسورە. چوارشەممە سورە. کۆچی سور. لە پەهلەویش sur، سور بە هەمان واتاوە هاتووە. یان وردتر، وشە پەهلەویەکە بە واتای میوانداری، بەزم. جەژن و زەماوەندیش بەکاربردراوە. سورانەش، بریتیە لە جۆرە باجێک، کە جاران خان و ئاغاکان، لە کاتی زەماوەندی کچێک و کوڕێک، لە هەردوو لایان دەسەند. لە بنەڕەتدا بریتی بووە لە جۆرێک سەرانەی ئاهەنگگێران. لە یادی (چوارشەمەسوری) جۆرە تێکەڵاویەک لە نێوان (سوری، سورە، سوڕان) و ڕەنگی سوری ئاگر دەبیندرێت. بە تایبەت کە خەڵک بەسەر ئاگرەکەدا باز دەدەن و دەڵێن (سوری تۆ لەمن، زەردی من لە تۆ)، کە وەک نزایەک بۆ چاکبوونەوە لە نەخۆشی و تەندروست باشی دەگوترێت.

لە هەندێک شوێنی کوردستان، لەوانە ناوچەی سەقز، بە چوارشەمەسوری دەگوترێت "کوڵە چوارشەمە". کوڵ لە زمانی کوردی، بە واتای کورت دێت. لە هەندێک دەربڕین، بە لێکدراوی بەکاردێت. وەک لە: کوڵەبنە، بە واتای کورتە باڵا. هەروەها کوڵە وەیباب، کە ناوی جۆرە مارێکی ژەهراوی کورتە. ڕەنگە لە کوڵ، بە واتای بڕاو هاتبێت. بۆیەشە گومانم بۆ ئەوە دەچێت کە کوڵە چوارشەمە، بە دوا چوارشەمەی ساڵ گوترابێت، کە کۆتایی و کوڵ و کورتە .!!!!

بە گوێرەی بۆچوونی کاک ماجید کوردستانیی، لە سەقز کوڵە چوارشەممە، بە بەراورد بە نەورۆز، شێوەیەکی ئاییینی وەرگرتبوو. کولێرەی کوڵەچوارشەممە دەکرا و بە سەر خەڵکدا دابەش دەکرا. هەروەها مەلایان نزایان بە سەر ئاودا دەخوێند و خەڵك لێ دەخواردەوە. ئەمە پێیدەگوترا ئاوی کوڵەچوارشەممە. هەروەک سەردانی مەزاری پیر و چاکان، بە تایبەت پیری خەزایی، کە لەم ڕۆژەدا، لەبەر ئاپۆرەی خەڵک، شوێن بەرنەدەکەوت.

وەک دەردەکەوێت، یادکردنەوەی چوارشەمە سوری، کۆنە، بەڵام ئاماژەیەکی دیار و دروست بۆ سەرەتاکەی و پەیوەندی بە سەری ساڵ و نەورۆزەوە، تا ئێستاش هەر نادیارە.

**چەند دیمەنێکی باوی چوارشەمەسورە لە کوردستان:**

چوارشەممە سووری لە هەموو مەڵبەند و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەچێ. جاران وا باوبوو، کە لەم ڕۆژەدا کچان بەیانی زوو دەچوونە قەراخ چۆم و دەراوان و لە سەر کانی و کارێزان، کچان ئاوێنە و کل و کلدانیان لە گەڵ خۆیان دەبرد و چاوییان دەڕشت. بە جل و بەرگی ئاڵ و واڵایانەوە، گۆزەیان دەخستە سەر شان و بەیانیان زوو وەڕێدەکەوتن. ئاوێنە و کل و کلدانیان لە سەر ئاو دەردێنا. هەنیە و بسک و کەزییان دادێنا. چاوییان دەڕشت. بە شانەی دار تو

ئەگریجەیان سێ چین دەکرد. دوای ئەمە، بە مەقەست چەند داویان لە موی سەریان هەڵدەپاچی و بە دەم ئاوییان دادەدا و دەیانگوت: نەهاتی و وەیشومەی ئەو ساڵمان، لە گەڵ ئەو ئاوە بڕوات. دەڵێن چوار بەردیشیان فڕێ دەدا ناو ئاوەکە. زۆر کەسیش، گۆزەیان لە دوایین ئاوی سەرلە ئێوارانی قوڵە چوار شەممە، لە کانی و ڕووبار پڕ دەکرد و بە فەڕ، هەتا ساڵی دیکە ڕایاندەگرت. جارجاریش لێیان دەخواردەوە.

کوڕگەلیش، جل و بەرگی جوانیان لەبەر دەکرد. پشتێندی چل گرێیان لە پشت دەنا. کڵاو بە تیلانی سەریانەوە، بە نارەنار و پێهەڵگوتنی گراوی لە دەراو و بەستێنان، بۆ گەیشتن بە ئاواتیان دەپاڕانەوە و دوای چاوبرکێن و بەڵێن تازە کردنەوە، دەگەڕانەوە ئاوایی. ئەو جار بەرەبەری نوێژی شێوان، هەمووان دەستیان دەکرد بە ئاگر کردنەوە. بازبازدان بەسەر گڕی هەڵچووی ئاگر و هەرا و هوریا دەستی پێ دەکرد. دەیانگووت :

گڕە مەشقەڵانەی خۆمانە

بە کوێری چاوی دوژمنانە

زەردی من لە تۆ

سوری تۆ لە من

پێکوڵە سوتێ، پێم نەسوتێ

پێکوڵە سوتێ، پێی تۆ سوتێ

ساڵی ئێمە پیرۆز بێ

لە دووژمنان ئاڵۆز بێ.

پاش ئەمانە، هەر کەس پیرۆزبایی هاتنی ساڵی تازەیان لە یەکدی دەکرد و دەگەڕانەوە ماڵەوە. ئینجا لە لایەن منداڵانەوە، "هەلاوە مەلاوە" یان "هەتەرێ و مەتەرێ" دەستی پێدەکرد.

منداڵان بۆ داواکردنی نەورۆزانە، کە بریتی بوو لە نوقل، یان شیرینی جۆراوجۆری کوردەواری، دەچوونە بەر دەرگای ماڵان، یان سەربانی ماڵان. چەند جۆر هۆنراوەی منداڵانەیان هەبوو، کە بە دەنگی بەرز دەیانگوتەوە. یەکێک لەوانە "هەتەرێ مەتەرێ" بوو-:

هــــــــــــــەتەرێ مەتەرێ

شتێکمان بۆ بخەنە بن چەپەرێ

یان

هــــــــــــــەتەرێ مەتەرێ

شتێکمان بۆ باوێنە بن چەپەرێ

یان

هـــەتەرێ مـــەتەرێ

نەورۆزە وەرنە دەرێ

نەورۆزانەمــان دەرێ

یان

هەتەرێ و مـــــــــــــــەتەرێ

سەری ئاواڵم بە قوونی کەرێ

شتێکم بۆ باوێنە بەر چەپەرێ

ئەوەی مایەی سەرنجە، دووپات بوونەوەی دوو دەربڕینی هەتەرێ، مەتەرێیە، کە بنەڕەتێکی مێژوویی و ئایینی کۆنیان هەیە-:

**هەتەرێ:** واتا ئاگرەکە. وشەی هەتەر، یان ئاگر، لە ئاڤێستاییدا، بە چەند شێوەیەکی لێکچوو ناو بردراوە. وەک atar، ئاتەر atara، ئاتەرە. atr، ئاتر. هەروەها athr، ئاثر. هەروەک وشەی ئاڤێستایی atarş، ئاتەرش واتا ئاگرەکە. ئاگرۆکە. بە پەهلەوی atur، ئاتور واتا ئاور. ئاگر. زەردەشتیەکانی نیشتەجێی شاری بۆمبای لە هیندستان، بە ئاتەشگەدە، یان پەرستگای بچوکی گەڕەکەکان دەڵێنagyari ، ئەگیاری، هەروەها adran، ئەدران، کە گومان دەکرێت لە ئاگرو ئاتەر هاتبن. ناوی هاوبەشی ئاگر، لە زمانی پرۆتۆ ئێرانی، بریتیە لە atr، ئاتر-، یان atar، ئاتەر-. لە سەردەمی ساسانیاندا، وشەی aturbanan، ئاتوربانان، بە واتای ئاورەوانان، ئاگرەوانان، ناوێکی گشتی بووە بۆ چینی ئایینی (موغان و موبەدان، هیربەدان و داوەران)، هەروەک دەستوران.

وشەی دووەمیش، **مەتەر،** واتا دایک. بەمجۆرە، مەتەرێ واتا دایکێ. وشەکان بەسەریەکەوە دەبنە ئاگرە دایک. دووریش نیە مەبەست لە دایکی ماڵێ بێت، کە پاراستنی ئاگری نەورۆز و ئاتەشگەدەی ماڵ، یەکێکە لە ئەرکەکانی وێ لە ماڵ.

دیارە لە ناوچەی شارباژێڕیش، وەک لە کاک بەکر ئەحمەدییم وەرگرتووە، دابونەریتێکی وا هەبووە. لەوێ دایکان، هەر لەو چوارشەممەیەدا، بە مەقەست لە قژی سەری منداڵەکانیان دەبڕی و دەیانگوت، بۆ ئەوەی باشە تا دەردو بەڵای ئەمساڵامان لەکۆڵ ببێتەوە.

**ژمارە حەوت و خوانی حەوت سینی:**

ژمارە حەوت لە فەرهەنگی کۆنی میزۆپۆتامیا بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، پێشینەیەکی مێژوویی کۆنی هەیە و لە لایەن خەڵکیشەوە ڕێزی لێ گیراوە. حەوت لە فەرهەنگی ناوچەکە، بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەکەوێت. لەوانە-:

هەفتیانە، هەروەها حەفتیانە، بریتیە لە یادکردنەوەی تێپەڕبوونی حەفت ڕۆژ بەسەر ڕووداوێکدا، کە بایەخی کۆمەڵایەتی لای خەڵک و کەسوکارەوە هەیە. هەفتیانە لە زبانی کوردیدا، بۆ یادکردنەوەی ڕووداوی خۆش بەکاردێت. وەک تێپەڕینی حەوت ڕۆژ بەسەر منداڵبوون، یان شوکردن. هەرچی حەفتانەیە، بۆ یادکردنەوەی تێپەڕینی حەوت ڕۆژ بەسەر مردنی کەسانی جوانەمەرگ و مردوو بەکاردێت. وشەکە یەکێکە لەو ژمارانەی کە لە زبانە هیندۆرووپیەکاندا، ڕۆڵێکی ئاینی گەورەی هەبووە. وشەکە هێشتا پەیوەندیەکی قوڵی بە داب و نەریتی هەندێک لە گەلانی هیندۆرووپیەوە هەیە. لێرەدا من مەبەستی سەرەکیم وشەی (حەفتانە و حەفتیانە )یە. وشەکە لە کوردیدا زۆر بە بەربڵاوی بەکاردێت، بەڵام بەر لەوەی بچمە

سەر ئەو بەشە، دەمەوێ جارێ بەراوردکاریەکی وشەکە، لە چەند زبانێک بخەمە بەرچاو. لە زبانە گێرمانیەکاندا، وشەی هەفتانە بە واتای ڕۆژی پێش جەژن بەکار هاتووە. دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحیش، هەر هەمان وشە، بۆ ڕۆژی پێش چوونە کلێسا (کە دەکاتە ڕۆژی شەممە)، بەکار دێت. سەیر دەکەین ژمارە هەفت، جگە لە زبانە ئێرانیەکان و زبانی گرێکی، لە هەموو زبانە هیندۆروپیەکانی دی، بە دەنگی (س) دەست پێدەکات، کەچی وشەی "هەفتە" لەو زبانانەدا، لەو ڕێچکەیە لایداوە و هەر بە دەنگی (هـ، یان ئە ) دەست پێدەکات. ئەمە خۆی لە خۆیدا، کۆنی وشەکە دەسەلمێنێت. هەفتیانە بە زمانی ئیسلاندی پێیدەگوترێت aptann، ئەپتان. لە دانمارکیدا بۆتە aften، ئەفتێن. لە ئەنگلۆساکسۆنیشدا بۆتە efen، ئێفێن، هەروەها affen ، ئەففێن، کە بۆ ئێوارەی پێش جەژن (حالفە) بەکارهاتووە. دەبینین درەنگتر هەمان وشە لە ئینگلیزیدا بە شێوەی evening،even، ئیڤن/ ئیڤنینگ، تەنیا بە واتای ئێوارە بەکار دێت. وشەکە لە زبانی سویدیشدا، بە شێوەی afton، ئەفتۆن بە هەردوو واتای ئێوارە و حالفە، یان ئێوارەی ڕۆژی پێش جەژن بەکاردێت. لە ساکسی و ئەلمانی کۆن aband، ئەباند هەمان شتە. لە ئەڵمانیشدا، وشەکە بۆتە abend، ئەبێند. من گومانم وایە کە وشەی (ئێڤار/ئێوارە) یان (هێوارە/هێوارێ)ی کوردیش، وەک ئیڤنی ئینگلیزی، هەر لە (ئێفت، هەفت)ەوە هاتبێت، بە خستنە سەری پاشگری (- وار). واتا ناوەکە بریتی بووە لە ئێفتیار - ئێفیار - ئێوفار و ئێڤار یان ئێوارە.

ڕەگی ڕێز گرتن لە ژمارە حەفت، لە داب و نەریتی کوردیدا زۆر قوڵترە. حەوت ئاسمان، ئەستێرەی حەفتەوانە، سفرەی حەوت سینی نەورۆز، حەوت برای چیرۆکە فۆلکلۆریەکانمان، حەفتاو کردن بۆ لادانی گڵاوی دەمی سەگ و بەراز، تا دەگاتە حەوت شەو و حەوت ڕۆژ شایی گێڕان، بۆ خۆشی دەربڕین. قسەی نەستەق و پەندی پێشینانیشمان پڕن لەو جۆرە دەربڕینانەی، کە ئاماژە بەو ژمارەیە دەکەن. ئەمانە هەمووی ئاماژەن کە ژمارەکە لە زوودا، ڕۆڵێکی دی لە بیروباوەڕدا هەبووە. ئەو ڕۆڵە ئەمڕۆ، بە باشی دیار نەماوە، یان بە گۆڕاوی بۆمان ماوەتەوە، بەڵام هێشتا دەکرێت هەستی پێبکرێت. تەنانەت لە ڕێگای بەراوردکردنی پێوانەییشەوە، زۆر نادیاریمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. ئەگەر نەختێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە، دەبینین ئەو ژمارەیە، لە باوەڕ و ئایینی میترائیدا، شوێنی تایبەتی هەبووە .

پەیڕەوانی میترایی، بە حەوت چینی بە دوای یەکدا هاتوو دابەش دەکران. هەروەک حەوت ڕەنگی پیرۆزیشیان هەبووە. لە ئاینی زەردەشتیشدا، ئاهورامەزدا، لە ململانێی خۆیدا لەگەڵ ئەهریمەن، پشتی بە (ئەمشا سپەنتان) بەستووە، کە وەک لە وشەی (سپەند) دیارە، ئەوانە حەوت دانە فریشتەن. لە بەرامبەر ئەوانیشدا، حەوت گیانی ئەهریمەنی، بە شێوەی هەسارە هەنە .

لە ئایینە کۆن و ناوچەییەکانی کوردستانیشدا، شوێنەواری ژمارە حەوت دەبیندرێت. بەلای یارسانەکانەوە (کاکەییان)، حەوت فریشتەکە، لایەنی جۆراوجۆری گەوهەری خوداوەندن. هەروەک (حەوت تەن)، بایەخێکی زۆری لایان هەیە. هەروەک خوداوەند، بە حەوت شێوە، هاتۆتە سەر زەوی. ڕێبەرانی ئایینی ئێزدییش، حەوت دانە فریشتەن، کە دواتر وەک (حەوت) دانە شێخ ناسێنراون. (مەلەک تاووس، شێخ حەسەن، شێخ شەمس، شێخ ئەبەبەکر، سوجادین، ناسرەدین و فەخرەدین). تەنانەت ژمارە حەوت لە ڕێگای سۆفیگەریەوە تێکەڵ بە ئاینی ئیسلامیش کراوە. مرید، تا دەبێ بە شێخ، دەبێ حەوت پلەی (سلوک) ببڕێت. دیسان لە ئایینی ئیسلامدا، کاتی بەجێ گەیاندنی ڕێوڕەسمی حەج کردن، حەوت جاران، بەردبارانی شەیتان دەکرێت. حەوت جارانیش، لە چواردەوری بەردە ڕەشەکە تەواف، یان دەسوڕێنەوە. لای کاتولیکەکانیش، حەوت مەناسک و حەوت گوناهی بنچینەیی و حەوت مەزامیر و حەوت تۆبە تۆمار کراون .

ژمارەی حەوت یان (سێپتا)ی هیندۆروپی، چۆتە ناو زبانی عیبریشەوە. لە چیرۆکەکانی تەوراتدا، خوداوەند گەردوونی بە شەش ڕۆژ دروست کرد و ڕۆژی حەوتەمیش (سێپتا) کە لە عیبریدا بۆتە (سوبتا)، خودا کردی بە ڕۆژی پشودان. ئەو ژمارەیەی کە ئەمڕۆ لە عارەبیشدا بە شێوەی (سەبت) بە واتای شەممە دەیبینین. دەزانین کە شارەزایانی زمانی عیبری، بۆچوونێکی دیان بۆ وشەی سەبات هەیە و وای دادەنێن کە لە şabbat، شەببەت هاتووە بە واتای سانەوە. دوور نیە چیرۆکەکەی سەرەوەی تەوراتیش، لە سەرچاوەیەکی کۆنی هیتی یان میتانیەوە وەرگیرابێت. تا ژمارەی حەوت بە عارەبی (سەبعە)، هەر لە سێپتای هیندۆروپییەوە هاتووە. لە ئایینی جولەکەکانیشدا، توشی حەوت فریشتەکەی خودا دەبین (عیزرێئیل،

دەردانائیل، ئیسرافائیل، میکائیل، جوبرائیل، شمنائیل، تورائیل). تەنانەت لە ئایینی زۆر کۆنی حەڕانیانیشدا (حەوت) ئەستێرە پەرستراون. واتا بە گوێرەی نوسراوە کۆنەکانیان بێت، ئەستێرەکانی خۆر، مانگ، بەهرام (مەریخ)، تیر (عەتارد)، بەرجیس(موشتەری)، ناهید(زوهرە)، کەیوان(زوحەل). وەک دەزانین، لەو حەوتە، جگە لە خۆر و مانگ، ئەوانەی دی ناوی هەسارانن .

ئەگەر هێشتا پتر بە مێژودا ڕۆبچین، ئەوا لە کۆنترین داستانی نوسراودا، واتا داستانی گیلگامێش، بە فراوانی توشی دیاردەکە دەبینەوە. لەداستانەکەدا، هاوکێشەی شەش ڕۆژ و حەوت شەوان، چەندان جار دێتە پێشمان. گیلگامێش شەش ڕۆژو حەوت شەوان، بۆ مەرگی ئێنکیدوی هاوڕێی دەگریێت (تابلۆی دەیەم). ئوتناپیشتیم کەشتیەکەی بە شەش بنمیچەوە دروست کرد و بۆ حەوت بەشیش دابەشی کرد (تابلۆی یازدەم). لافاوەکە شەش ڕۆژ و حەوت شەوی خایاند. لە ڕۆژی حەوتەمدا، گەردەوەکە دامرکایەوە. (تابلۆی یازدەم). کەشتیەکە بۆ ماوەی شەش ڕۆژان، لەسەر شاخی نیسیر گیر بوو لە ڕۆژی حەفتەمدا، کەشتی دەستی بەجوڵانەوە کرد (تابلۆی یازدەم). ئوتناپیشتیم ئاگاداری گیلگامێشی کرد، تا بۆ ماوەی شەش ڕۆژو حەوت شەوان نەخەوێ، وەک خۆ ئامادەکردنێک، بۆ ئەوەی ژیانی نەمری پێ ببڕدرێت.(تابلۆی یازدەم) .

کەواتە بەو پاشخانە مێژوییە قوڵەی، کە ژمارە حەوت، لە فەرهەنگی ناوچەکە هەیەتی، ئاسانە لەوەش بگەین، کە بۆ خوانی حەوت سینی، نەک ژمارەیەکی دی، وەک بەشێک لە یادکردنەوەکانی نەورۆز هاتۆتە کایەوە .

لە زۆر ماڵدا، ڕۆژی نەورۆز، خوانی نان لەسەر خواردن، بە حەوت خواردن دەڕازێندرێتەوە، کە پیتی یەکەمی ناوی هەموویان، بە (س) دەست پێ دەکات. یەکێک لە پێناسە کۆنەکانی خوانی حەوت سینی، کە بۆمان مابێتەوە، ئەوا ئەو نوسینەی مێژونوس (ئەلمەسعودی)یە، لە کتێبی (مروج الذهب). ئەو نوسیویەتی:- لە وڵاتی مەگوسان، 25 ڕۆژ پێش هاتنی نەورۆز، خەڵک بەرەو پیری ئەو جەژنە دەچن. خوانی نەورۆزی وان، بریتیە لە حەوت گوڵ و گیا و سەوزە. حەوت خۆشە، یان گیراوەی شیرین. حەوت دەنک دانەوێڵەی جۆراوجۆر. پارچە قەندێک. حەوت پارەی سپی (زیوینی). ئەوان هەموو ئەوانە دەخەنە ناو حەوت قاپی گڵێنەی سپی، کە جوان دروست کراون. لەگەڵ حەوت چڵ، لە چڵی درەختانی هەنار، بێ، گوێز، بادام، بەڕو زەیتون و سێو .

وەک دەرکەوتووە، لەو سەردەمەدا، حەوت خواردنە باوەکەی سەر خوانی نەورۆز، بریتین بوون لە: سێو سرکە، سماق، سەمەنی، سونجو سیر و سەوزە. دیارە ئێستا ئەو ناوانە، گۆڕانیان بەسەر داهاتووە. ئەمانەی سەرەوە، هیچیان خواردنی باوی سەر خوان نین، بەڵکو چێژدەری خۆراکن و بەتەنیا ناخورێن. لە سەردەمی نوێدا، شتی دیش خراوەتە سەر خوانی نەورۆزی. لەوانە چەند مۆمێک، کتێبێک (قورئان یان دیوانی شاعیرێک، لای فارسەکان دیوانی حافز)، ئاوێنە، نانێکی پان و قاپێک ئاو دادەندرێ و سفرەکە بە شیرنی، شووشەیەک ئاو کە ماسی سووری تێدایە، دەفرێک شیر و چەند هێلکەی ڕەنگ کراو دەڕازێندرێتەوە.

وەک دەردەکەوێت، لە نوسراوە کۆنەکاندا، هۆیەکی ڕوون و دیاری تایبەت بە یادی نەورۆز، بۆ هێنانە گۆڕی ئەو حەوت سینانە نیە. هەر بۆیەشە، من پەنام بردۆتە سەر ڕوونکردنەوەی، گرنگیی، هەروەها بایەخی ئایینیی و نەریتیی ژمارە حەوت، لە لای گەلانی ناوچەکە، هەر لە کۆنی کۆنەوە. واتا نەریتەکە، لە باوک و باپیرانەوە هاتووە و ڕەگی لە باوەڕ و ئایینە زووەکان دا هەبووە .

هێمن دەڵێت: سەقز و سەردەشت و سابڵاغ و سنەی کرد غەرقی خوێن

سێی تری ویستن، گوتی: بۆ سفرە، حەوت سینم دەوێ.

**کۆنیی یادکردنەوەی سەری ساڵ:**

وەک لە سەرەتای بابەتەکەشدا، ئاماژەم بۆ کردووە، سەرەتای یاد کردنەوەی نەورۆز، یان سەری ساڵ، یادکردنەوەی دیاردەیەکی سروشتیی و گەردوونیی بووە، کە تا ئێستا لای گەلانی دیش، بۆ دیاری کردن و هاتنی کەژەکان و درێژی و کورتی شەو و ڕۆژ، سودی لێ وەردەگیرێت. دیارە مرۆڤی کۆن، چ بۆ کاری کشتوکاڵ و جوتیاری بووبێت، یان بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵ و ئاژەڵداری و گەڕان بە دوای بژوێنی بە لەوەڕ، واتا کوێستان و گەرمێن کردنی کۆچەریی و ڕەوەندانە، ژیانیان بە توندی بە سروشتەوە گرێدراو بووە .

بێگومان، هەروەک چۆن سومێریان، یاد کردنەوەی بەهار و سەری ساڵیان تێکەڵ بە ئەفسانەیەک کردبوو کە لەگەڵ باری ژیان و باوەڕیاندا ڕێک دەهاتەوە، باوک و باپیرانی ئێمەش، هەر بەوەوە نەوەستاون، کە یادی سەری ساڵ و وەک یەک لێهاتنی شەو و ڕۆژ بکەنەوە، بەڵکو ئەو ڕۆژە، بەرە بەرە لەگەڵ باوەڕ و ئەفسانەی باوی سەردەمی خۆیان تێکەڵاو کراوە. یەکێک لە ئەفسانە هەرە ناسراوەکان، دەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەرە، کە پاشایەکی زۆردار دەکوژێت و دیسان دادپەروەری بۆ وڵات دەگێڕێتەوە. پێکەوە بەستنی نەورۆز و داستانی (کاوەی ئاسنگەر) درەنگتر کراوە. وەک دەزانین لە نەورۆزدا، شەو و ڕۆژ وەک یەکیان لێدێت و ئیدی ڕۆژ دوای ئەوە بەسەر شەودا زاڵ دەبێت. هەروەک یەکەم ڕۆژی بەهاریشە. لەو ڕۆژەدا، بورجی بەرخ، لە بورجی نەهەنگ دوور دەکەوێتەوە. گەلانی ناوچەکەی ئێمە، وەک گەلانی دی هیندۆروپی، نرخێکی زۆر بەرزیان بۆ تاو و گەرمی خەپڵەی خۆر داناوە و پەرستویانە. ئایینی میترایی، بۆخۆی ئاماژەیە بە میهر و خۆر .

ئەوەی من لە ڕووی زمانەوانی و بەراورد کردنی پێوانەیی ناوەکانی کاوە و ئاسن پێیگەیشتووم، هەر ئەوەم دەست دەکەوێت، کە کاوە یادەوەری دەرکەوتنی پیشەی سەرەتایی مرۆڤی کۆن بووە، تا بەوە دەگات دەتوانن ئاسن بتوێننەوە و کورە دروست بکەن. دیارە لە کۆندا، ئەم کارە بە ڕووداوێکی زۆر گرنگ و گەورە داندراوە، بۆیەشە ناوەکە، لە زوربەی زمانە هیندۆروپیەکاندا، وەک ئاماژە بۆ پیشەی بڕین و کوتان و ئاسنگەری، بە نەمری ماوەتەوە. واتا ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر، دەبێت لە سەرەتادا، بریتی بووبێت لە نەمر کردنی ئەو داهێنانە مەزنەی، کە ژیانیانی سەتاپا گۆڕی. بە دروست کردنی گاسن و داس و ئامرازی دی ئاسنین، بەرهەمی دروەوێڵەی چەندجارە لێکرد. دەرکەوتن و هەبوونی هەردوو ناوی کاوە و ئاسن، لە زمانە لێکدوورەکانی هیندۆروپی، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو گەلانە، لە کاتێکدا کە هێشتا پێکەوە و لیک نزیک دەژیان، ئەو داهێنانە گەورەیان دەست کەوتووە. کەواتە دەبێت هەردوو ناوەکەش، لای نەوەکانیان، بە نەمری مابێتەوە. تەنانەت بەشێک لە چیرۆکە ئەفسانەییە درەنگترەکانیش، دیسان دەناسرێنەوە. با سەیرێکی بەراوردکاری پێوانەیی، هەرسێ وشەکانی کاوە، ئەژدیها "زوحاک" و ئاسن بکەین -:

**کاوەی ئاسنگەر و ئەژدیهاکە:**

جێیخۆیەتی لێرە ئاوڕێک لە واتای ناوی (کاوەی ئاسنگەر) بدەینەوە، کە هەر بە هەمان میتۆدی زانستیانەی بەراوردکردنی پێوانەیی لە نێوان زمانە هیندۆروپیەکاندا ساغم کردۆتەوە. ڕەنگە خوێنەر توشی سەرسوڕمانیی بکەم کە من لێرەدا، بۆ یەکەمین جار ئاشکرای دەکەم ودەڵێم: (کاوە) ناوی چ کەسێکی مێژویی نەبووە و لە زمانی هاوبەشی کۆنماندا هەر واتای (ئاسنگەر) بووە. وشەکە لە پیشەی ئاسنگەریش کۆنترە و پێش پەیدا بوونی ئاسنگەری، بۆ پیشەی داربڕین بەکار هاتووە. دەتوانم ئەمە بە ڕێگای بەراوردکردنی پێوانەیی، لەگەڵ وشەی ڕەگ هاوبەشی زمانە دەستە خوشکەکانی کوردی، واتا زمانانی هیندۆروپی، بسەلمێنم .

ڕەگی وشەکە، بە واتای ئاسنگەری، بڕین و لەتکردن، لێدان و واتای دی نزیک ئەمانە، لە زۆر زمانی دەستەخوشک دەبینینەوە. لە گرێکی komma، کۆمما واتا شتێکی بڕدراو یان لەتکراو. زاراوەی کۆما (،) کە بۆ بڕین یان لەتکردنی ڕستە بەکاردێت، لەو وشە گرێکیەوە هاتووە. هەروەک kope ، کۆپێ و kovo ، کۆڤۆ هەر واتا بڕین. لە لاتینیدا وشەی

هاوڕەگی (cūdo، کوودۆ) واتا لێدان و کوتان. لە فەرەنسی couper، کۆوپەر واتا بڕینەوە. لە زمانی لیتاوی وشەی (kāuti، کاوتی) هەمان واتا دەدات. لە ئیرلەندیشدا (cúad، کوواد) واتا لێدان، شەڕ و نەبەردی). هەر لە ئیرلەندی (goba، گۆبە) واتا ئاسنگەر. هەروەک gobanus، گۆبانوس، لە ئیرلەندە نازناوی کەسانی پیشە ئاسنگەر بووە. لە زمانی سلاڤی کۆن، وشەی kovati، کۆڤاتی، بە واتای ئاسنگەری و بڕینی دار هاتووە. لە بولگاری kopaya، کۆپایە واتا هەڵکەندن. لە سێربی kopati، کۆپاتی هەمان شت. گەر سەرنج بدەینە زبانە هیندیەکانیش، دەبینین لە ماراتی kapane، کاپەنێ واتا بڕین. لەتکردن. لە گوجاراتی kapi، کاپی هەمان واتا. لە ئوردو کاپ هەمان شت. لە بەنگالی capa، کاپە، یان چاپە بە هەمان واتا. تا لە زمانە گێرمانیەکانیشدا، دوای گۆڕانی ڕێساداری دەنگی (ک) بۆ (ھ)، دەبینین لە زمانی ساکسی کۆندا وشەی هاوڕەگی hauwan، هاووان (بنەڕەتی کاووان)، واتا بڕینەوە و لێدان. لە ئەنگلۆساکسۆنیدا بۆتەheawan، هێیەوان (بنەڕەتی کێیەوان) بە هەمان واتا. لە زمانی ئەڵمانی hauen، هاوێن (بنەڕەتی کاوێن) هەمان شت. لە ئینگلیزیشدا بە شێوەیhew ، هێو(بنەڕەتی کێو)، هەر بۆ داربڕین بەکاردێت. لە زمانی ئیسلاندی بۆتە (hoggva، هۆگگڤە). لە دانمارکی (hugge، هوگگێ) و لە سویدیش (hugga، هوگگە). لە فارسیشدا جگە لە ناوەکە خۆی، وشەی (کوبیدەن) و (کوفتەن)، بۆ سەر ڕەگی هەمان ناو دەگەڕێنەوە. هەروەک وشەی (کوبە)، بە واتای چەکوش، لە هەمان ڕەگەوە هاتووە .

لە زمانی کوردیش، وشەکە، گەلێک وشەی دی لێ وەپاش کەوتووە. وەک کوتان کە لە زاراوەی کرمانجیدا واتای (لێدان) دەگەیەنێت و لای ئێمەش بە شێوەی (ساوار کوتانەوە، کوتان بۆ ڤاکسین) و واتای دیش ماوە. هەروەک کوانو و کوانک، بە واتای ئاگردان، لە هەمان کوانوی ئاسن تواندنەوەوە ماوەتەوە. کاویان و کاویانەوەش بە واتای سوتانەوە، لە هەمان پیشەوە ماوەتەوە. تەنانەت بە گومانی من، کاوانیەکانی دانیشتووی گوندی (کاوانیان)یش، لە نزیک شەقڵاوە، لە بنەڕەتدا ئاسنگەر بوون و ئەو نازناوەیان پێبڕاوە. وا دەردەکەوێت، کە ناوە هاوبەشەکە، سەرەتا بۆ پیشە دەستیەکان بەکارهاتووە. واتا ئەو پیشانەی کە لە دارتاشی و تەختە سازیەوە هاتوون، تا خەڵوز دروست کردن و داگرتنی کورە و کوانو. لەگەڵ داهاتنی ئاسنگەری، لە هەندێک زبان، ڕەگی هەمان وشە، بۆ ئاسنگەری گەشەی پێدراوە. ڕەگی هەر ئەم وشەیە، بە واتای چەماندنەوە و گوشار خستنەسەر، لە زبانە گێرمانیەکاندا، هێشتا بە باشی پارێزراوە. لە ئینگلیزی cow، کۆو. دانمارکی kue، کوێ. لە نەرویژی kua، کوە. هەروەها kyva، کیڤە. لە سویدی kuva، کوڤە، هەموویان بە واتای چەماندنەوە و گوشار خستنە سەر شت هاتوون. تا لە ئینگلیزی وشەی cuff، کەفف بە واتای بە دەست کوتان یان لێدان، هەموویان هاوڕەگن. دەبینین لە ئەنگلۆساکسۆنی تووشی وشەی cweccan، کوێکان دەبین کە نازناوی ئاسنگەری دەگەیەنێت. لە ئینگلیزی بۆتە quaker، کواکێر بە هەمان واتای ئاسنگەری. لە ئەلمانیش وشەکە دەبیندرێت، بە شێوەی quaker، کواکێر. شارەزایان وایان لێکداوەتەوە کە وشەکان پێناسەی خۆجوڵاندنەوە و لەرزینەوەی ئاسنگەرە لە کاتی کارکردندا. من بە ڕوونی دەیبینم، کە ئەم وشەیەش، سەر بە هەمان دنیای پیشەیە، کە لە وشەکانی دی پێشووتردا ئاماژەمان بۆیان کردووە.

لە دەقە بەجێماوەکانی ئاڤێستاییدا، نە ناوی کاوە هەیە و نە ئاماژەیەکی دیاریش بۆ داستانەکە. تەنیا شتێک، کە شایانی بیرهێنانەوە بێت، بریتیە لەوەی، کە لە بەشە هەرە کۆنەکەی ئاڤێستا، (یەشتی پێنجی گاتاکان)، ناوێک بە kavi، کاڤی هاتووە، کە ڕێگای بە زەردەشت و خاو و خێزانی نەداوە، تا لە زستانە هەوارەکەی وی پشو بدەن و بسێنەوە. هەندێک لە ئاڤێستا ناسان، لایان وایە کە (کاڤی)، بە واتای میر، پاشا هاتووە. واتا هەمان نازناوە کە لە شانامەدا، بۆ پاشا ئەفسانەییەکانی کەیکاوس، کەیخوسرەو، کەیقوباد و هیدی هاتووە، یان وەک نازناو بۆ هەندێک لە پاشایانی ماد هاتووە وەک کەیخوسرەو.

ئەم واتا بەرفراوانەی، کە وشەکە لە زمانە هیندۆرووپیەکانی دیش، لێیبەجێماوە، بەرەو ئەو بیرەمان دەبا، کە تەمەنی چیرۆکەکە، بۆ ئەو سەردەمە ببەینەوە، کە هۆزە هیندۆرووپیەکان، تازە پیشەی ئاسنگەری فێربوون.

**شەڕو نەبەرد لەگەڵ ئەژدیها:**

زۆرێک لە زمان و فەرهەنگە هیندۆروپییەکانی کۆن، ئەفسانە و چیرۆکێکیان هەیە، کە باسی پاڵەوانێک دەکات، (زۆرجاران، بەڵام لە هەموو گێرانەوەکانیشدا نا، ئەو پاڵەوانە، توانایەکی لە ڕادەبەدەری خودایی پێدراوە). پاڵەوانەکە لە گژ ئەژدیها، یان مارێکی گەورە و بەهێز ڕادەچێت، کە دوژمنی هاوبەشی هەموو خەڵکەکەیە. پاڵەوان، دوای شەڕو نەبەردیەکی سەخت، یان تێکۆشانێکی درێژخایان، هەموو جارێ، یان لە هەموو شێوە داستانەکاندا، لە کۆتاییدا، دەتوانێت بەسەر ئەژدیها، یان مارەکەدا زاڵ بێت و بیکوژێت. لە ئەفسانە زۆر ناسراوەکانی ئێمە، چیرۆکی (کاوەی ئاسنگەر)، تێبینی دەکەین، داستانە ئێرانی- کوردیەکە، لە زەق کردنەوەی ڕۆڵی ئەژدیهاکە، یان مارەکە، هەندێ زێدەڕەوی کردووە. پاشای زۆردار، لە لایەکەوە دوو ماری لەسەر شان ڕوواون، لە لاکەی دیشەوە، هەرخۆی، واتا پاشا (ئەژدیهاکەکەیە).

ناوەرۆکی ئەو نەبەردە پیرۆز و گەورەیە. سەرلەبەری ئەفسانە کۆنەکانی هیندۆروپی داگیر کردووە. لە زەمانی گرێکی کۆن، دەقەکانی شەڕو نەبەردی (زێوس) لە دژی تیفۆن. هەروەها شەڕو نەبەردیەکانی کرۆنۆس لەدژی ئۆفیۆن، هەمان ناوەرۆکیان هەیە. لە ئەفسانەکانی هیندستانیش، دەکرێ پەنا بۆ گێرانەوەکانی ڤێدا بەرین، لەبارەی شەڕو نەبەردی ئیندرای خوداوەندی بروسک، لە دژی گەورە ماری (ڤرترە، vrtra)، کە سەرچاوەی ئاوی لە خەڵک گرتبوو، بەوەی ئەژدیهایەکە لە سەر سەرچاوەی ئاوەکە، پەپکەی کردبوو. لای هیتیەکانیش، ئەفسانەیەکی سەرەکی و گشتگیر هەیە، لە سەر خودای گەرداو و شەپۆلان (تەرهوننە)، کە لەگەڵ ئەژدیهایێکی گەورە، دەکەوێتە شەڕ و نەبەردیەوە، تا بە سەریدا زاڵ دەبێت و دەیکوژێت. مارە گەورەکەی داستانی هیتیەکان، لە تابلۆ نوسراوەکاندا، ناوی بە (illuyankas، ئیللویانکەس) بردراوە. دیاردەی لەوجۆرە شەڕو نەبەردیانەی لە سەرەوەدا ئاماژەمان بۆ کردن، لە فەرهەنگی گەلانی گێرمانیش دەبیندرێت. لە نمونە باشەکانی ئەو دەرخستەیە لای گەلانی گێرمانی، بریتیە لە شەڕەکانی (تور،tor)ی خوداوەندی ڤایکینگەکان، لەگەڵ (jörmungandr، یۆرمونگاندر). هەروەها دیاردەی شەڕ لەگەڵ مار، لە داستانی لە سەر بەرد هەڵکەندراو و زۆرناسراوی ڤایکینگەکان (سیگورد و فافنەر) دەبیندرێت. هەروەک چۆن ئێمە بە شێوەیەکی زیندوو هەڵسوکەوت لەگەڵ پاڵەوانیەتی (کاوە)ی ئەژدیها، یان مارکوژ دەکەین، گەلانی دی هیندۆروپیش، ئاوا ڕێز لە مارکوژەکانی خۆیان دەگرن، کە وا پێدەچێت هەموویان، لە بنەڕەتدا یەک کەس بن، یان لە یەک ڕووداوی هاوبەشەوە سەرچاوەیان گرتبێت. پارێزەری شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، کە هاوکات، سیمبول و نیشانەی شارەکەشە و لە سەر هەموو شتێکی لەو شارە دەرچوو دەبیندرێت، بریتیە لە (سانت گۆران، یان سانت یۆران، sant Göran). وێنەکەی سانت یۆران، لە شوێنە گشتیەکان و تا ناو کلێساکانیش دەبیندرێت. سانت یۆران لە وێنەکاندا، لە سەر ئەسپێک دانیشتووە و بە ڕمێکی درێژ، خەریکی کوشتنی ئەژدیهایەکە، کە خۆی لە قاچی ئەسپەکە ئاڵاندووە. بە گشتی لەو چیرۆکە زۆرکۆنانەدا، خوداوەندی بروسک یان گەرداوە، کە شەڕ لە دژی ئاژاوە و نارێکی دەکات و هەمیشەش لە کۆتایی جەنگەکەیدا زاڵ دەبێت. هەرچی لە چیرۆکە کوردیەکەیە، کە پاشخانێکی کۆنی ئێرانی هاوبەشی هەیە، ئەوا پاڵەوانەکە، پلەکەی لە خودایەتیەوە بۆ مرۆڤ داگیراوە، بێ ئەوەی گۆڕانێکی بنەڕەتی بە سەر توخمە گشتیەکانی گێرانەوەکەدا هاتبێت. ڕەنگە ئەم پلە داگرتنە، بۆ دوای هاتنی ئیسلام بگەڕێتەوە، چونکە دەقەکانی چیرۆکەکە، وەک شانامە پەخشانیەکەی (ئەبو مەنسوری)ی و دوای ئەویش، شانامەکەی فیردەوسی، بە فارسی. هەروەها شانامەی کوردی، زاراوەی گۆرانیی هەموویان، دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناوچەکەدا نوسراون.

دیاردەی دەرکەوتنی مار، لە یەکێ لە ئاینە کوردیە ناوخۆییەکاندا، بە هەردوو بەشیەوە، واتا (ئەهلی هەق یان یارسان و کاکەیی) و زازا یان دوملیە عەلەویەکانی باکوری کوردستان، دەبێتە ڕووداوێکی تەوەرەیی. لەلای کاکەییەکاندا، کاتێ کە سوڵتان سەهاک، گوندی (پردیوەر)ی سەر چۆمی سیروانی هەڵبژارد، تا پەیامی ئاینی خۆی تێدا بڵاوبکاتەوە، داوای لە داودی شاگرد و خەلیفەی کرد، تا خانوی لەوێ بۆ دروست بکات. نەیارەکەی، پیرمکایل، سۆفی گەورەی ناوچەکە، پێی ناخۆش دەبێت، مێملێکی لە تەنیشتەوە بۆ پەیدا بوو، بۆیە بە سواری شێرێکی کێوی، بەرەو ڕوویان دەچێت و مارێکی ژەهراویشی وەک قامچی بە دەستەوە گرتووە. سوڵتان سەهاکیش، داودی شاگردی خۆی، هەر بەسەر پشتی ئەو دیوارەوە، کە خەریک بوو دروستی دەکرد، بەرەو ڕووی پیرمکایل دەنێرێت. دوای ئەوەی کە سوڵتان سەهاک، چەند کارێکی دی لە توانای مرۆڤ بەدەر دەکات، ئیدی پیرمکایل چاری نامێنێ و دانی پێدا دەنێت و دەبێتە شاگردی.

لای کوردە عەلەویەکانی باکوری کوردستانیش دا، ئەوا حاجی بەگتاشە، کە هەمان ڕۆڵی سوڵتان سەهاک دەبینێت. ئەویش جارێک سواری دیوارێکی کەڵەکە، یان ڕەوەزە بەرد دەبێت و جارانی دیش، بە پشتی دیواری جوڵاوەوە، ڕووبەڕووی سۆفیە ناسراوەکانی سەردەمی خۆی دەبێتەوە، لە بابەتی مەحمودی حەیرانی، شاگردی سۆفی زۆر ناسراو، جەلالوددینی رۆمی، ئەحمەدی بەدەوی، ئەحمەدی ریفاعی، یان حاجی بایرام. ئەو چوارەش کە ناومان بردوون، هەمیشە بە پشتی شێرەوە ڕووبەڕووی حاجی بەگتاش دێن و مارێکیشیان وەک قامچی لە دەست گرتووە.

ئەم دیاردەیەی شێر و مار، لەناو دەقە فۆلکلۆریە ئایینیەکانیشماندا ڕەنگی داوەتەوە. بەیتێکی کوردی ئاماژە بە لەدایک بوونی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) دەکات، کە لای کوردان شوێنێکی تایبەتی هەیە و ئەو، بە دامەزرێنەری تەریقەتی سۆفیگەری قادری دادەندرێت. لەو داستانەشدا، هەمان دیاردەی دەرکەوتنی شێر و مار دەردەکەوێتەوە. ئەم بەیتەی خوارەوەم، ساڵی 2013 لە دەمی دایکم (٧٥ ساڵ) وەرگرتووە، کە لەسەر لەدایک بوونی غەوس، یان شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەگوترێت. من هەر ئەو چەند دێرانە دادەنێم، کە ئاماژە بە مار دەکەن.

لەو مارەکەی ڕەشی تاری

هاتە دەرێ لە عەردی خواری

گۆتی من زۆر باشم لۆ بن باری

ئەو مارەکەی ڕەشی زەنگی

هاتە دەرێ لە عاردی ڕەنگی

گۆتی من زۆر باشم لۆ ناوتەنگی

لە چریکەی مار، لە نەڕەی شێر

لە گەیلانە دەنگی دلێر...

**ئەژدیها:** هەروەها ئەژدیهاک. ئەژدەها. حەزیا. مارێکی گەورەی ئەفسانەییە و دەتوانێت کاری نائاسایی بکات. لە ئاڤێستاییدا، بە شێوەی azhi dahaka ، ئەژی دەهاکە هاتووە. لە پارتی ئەشکانی ajdahag، ئەژدەهاگ بووە. لە پەهلەوی azi- dahak، ئەزی- دەهاک. ئەژدیهاک، لە ئەفسانە زۆر ناسراوەکەی ئێمە، چیرۆکی (کاوەی ئاسنگەر)، ڕۆڵی خراپ و نەرێنی دەگێڕێت. ئەمەش هەمان ڕۆڵە کە لە ئەفسانە و میتۆلۆژیای زبانە کلاسیکیەکانی هیندۆرووپی، وەک هیتی. ڤێدایی و گرێکی بە مار دراوە. بە گوێرەی داستانی شانامە، ئەژدیهاک پێنجەمین پاشای ئەفسانەیی پیشدادیە. ئەو جمشید دەکوژێت و لە جێگایدا فەرمانڕەوایی دەکات. دیارە لای مێژونوسان ئاشکرایە، کە پێش دەستەڵاتی میدیەکان، هیچ دەستەڵاتێکی دی کۆنتر لە ئێران ناسراو نەبووە. واتا پیشدادی، کیانی، جەمشید، فەرەیدوون، کاوە، ڕۆستەم و زاڵی باوکی، هەموویان پاڵەوانی داستانە ئەفسانەییەکانن و بەشێک لە مێژو نین.

تێبینی دەکەین، داستانە کوردیەکە، لە زەق کردنەوەی ڕۆڵی ئەژدیهاک، یان مارەکە، هەندێ زێدەڕەوی کردووە. پاشای زۆردار، لە لایەکەوە دوو ماری (ئەژدیها، حەزیا)ی لەسەر شان ڕوواون، لە لاکەی دیشەوە هەرخۆی، واتا پاشا (ئەژدیهاک)ەکەیە، یان بە ئەژدیهاک ناوبردراوە. ناوی ئەفسانەیی ئەژدیهاک لە لێکدانی دوو ناو هاتووە. ئەژی+دیرهەک. دواتر ناوەکە لەسەر زار بۆتە ئەزدیها و ئەزهیا یان حەزیا. "ئەژ" ڕاستەوخۆ لە ڕەگی وشەی PIEی -ogwhs، ئۆگوهـ -س

هاتووە کە لەوانەیە جۆرە مارێک، یان ناوی مارێکی ئەفسانەیی بووبێت. لە گرێکی بۆتە ophis، ئۆفیس. لە هیتی پێیگوتراوە illuyan، ئیللویان. لە زبانی ڤێدایی- سانسکریتی-ahi ، -ئەهی- هەمان ئەژیە و واتا مار. حەزیا. لە زبانی ئاڤێستاییشدا ناوی حەزیا بە شێوەی azhi، ئەژهی هاتووە. گۆڕانەکانیش لە ئەژهی بۆ ئەزی، ئەزهیا، ئەزدیها و ئەژدیها تا ئەژدیهاک، لە باری ناسینەوەی ناودا ڕوونە. بنەڕەتی ناوەکە، خزمایەتی هەیە لەگەڵ وشەی سانسکریتی ag، ئاگ، ئەگ، ئەژ بووە بە واتای جولەی بە زیگزاگ، مارپێچ. جولەی بە لوول. هەر بە سانسکریتی aga، ئاگە، ئاژە واتا مار، کە ئاماژەیە بۆ جۆری جولەکەی. هەرچی پارچەی دووەمی ناوەکەشە "درهەک"، کە لە ئاڤێستایی، بە شێوەی dahaka، دەهەکە دەرکەوتووە، ئەوا لە ڕەگی وشەی PIEی -drhk، درهک- هاتووە هەر بە واتای مار. لە سانسکریتی drk، درک واتا مار. لە گرێکی بۆتە drakon، دراکۆن کە مارێکی ئەفسانەیی لە شێوەی ئەژدیهایە. لە لاتینی بۆتە draco، دراکۆ. ئەمەش هەمان ناوە کە لە ئینگلیزی بۆتە dragon، دراگۆن و دواتر ناوی dracolla، دراکۆللای خوێنخۆری لێ داتاشراوە. لە میتۆلۆژیای گرێکیش، بە هەمان شێوەی کاوەی ئاسنگەری خۆمان، kadmos، کادمۆس دەچێت دراکۆن دەکوژێت، کە هەمان ئەژدیهایە.

بە هۆی هەڵە تێگەیشتنێکی، مێژونوسی ئەرمەنی (موسێ خورینی)، ناوی ئەژدیهای ئەفسانەیی و (ئاستیاگ، ئاژتیاگ، ئاژدیهاک)ی دوا پاشای دەوڵەتی مادی، لێ تێکەڵ بووە، کە لە بارێکی گوماناوی دەکوژرێت و نەوەکەی، کە کۆرشە، دێتە جێگای. ئەمە چەندان کەسی بەخۆوە خەریک کردووە و لێکۆڵینەوەی سەیرو سەمەرەی بۆ کراوە، لە کاتێکدا داستانی ئەفسانەیی ئەژدیهاک و ناوی (ئەژدەها، حەزیا) لە پێش ئاستیاگیشەوە، هەبووە و باو بووە.

سالم دەڵێ: عەسای مووسایە سەرنێزەی لە ڕەغمی مشتی فیرعەونی...بە بەرقی ئاتەش ئەفشان و بە شکڵی ئەژدەها پەیدا.

**زوحاک:** هەروەها زەححاک. ناوی هەمان ئەژدیها، یان ئەو مارە ناسراوەیە کە لە ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر هاتووە. ناوەکە ڕەگێکی زۆر کۆنی هەیە. لە ڕەگی وشەی PIEی -ogwhs، ئۆگوهـ -س هاتووە. لە زبانی ڤێدایی- سانسکریتی ahi-، ئەهی- واتا مار. حەزیا. لە زبانی ئاڤێستاییشدا ناوی حەزیا بە شێوەی azhi، ئەزهی هاتووە. کەواتە زوحاک لە بنەڕەتدا ئەزهی، ئەزهیا و هەزیا بووە و سەردەمانێکی دی، بە خستنە سەری دەنگی "ک"ی ناسینەوەی ناو وشەکە بۆتە هەزیاک و زیاک. دواتر (لە ژێر کاریگەری زمانی عارەبیدا) بۆتە زوحاک (ضحاک). حەزیا و ئەژدیهاش دەچنەوە سەر هەمان ڕەگی وشە.

نالی دەڵێ: دوو جادو و ماری مەغزی ئادەمی خواری قەرار داوە... لەسەر شانی، وەکو زەححاک و ناوی ناوە زولفەینی.

**ئاسن:** هەروەها ئاسین بە زاراوەی سیوەندی. ناوی یەکێک لە کانزا هەرە گرنگەکانە لە بواری پیشەسازیدا. ناو یان وشەی ئاسن، لانی کەم لە چوار بنخێزانی گرنگ و لێکجیای، زبانە هیندۆرووپیەکان، دەری دەخەن کە لە یەک بنەچە و ڕەگی هاوبەشەوە هاتوون. لە زبانە کێلتیەکان، دەبینین ناوی میتالی ئاسن، وەک لە وێلزی بریتیە لە haearn، هەیێرن. لە زبانی ئیرلەندیش ناوەکە iarann، ئیەرەن، کە لە زۆر ڕووەوە هەمانە کە لە زبانە گێرمانیەکاندا دەبیندرێت. وەک لە زبانی گالی ئاسن پێیدەگوترێت isarno، ئیسەرنۆ. لە ئەنگلۆساکسۆنیشدا بۆتە isern، ئیسێرن و iren، ئیرێن. لە گۆتی پێیگوتراوە eisarn، ئێیسەرن. هەروەها aiz، ئەیز. هەروەها وشەی ais ، ئەیس. لە هەردوو زبانی ساکسۆنی و ئەلمانی باڵای کۆنیشدا، ناوی میتاڵەکە بۆتە isarn، ئیسەرن. لە ئیسلاندی هەردوو isarn، ئیسەرن و jarn، یارن واتا ئاسن. لە ئینگلیزی پێیدەگوترێت iron، ئایرن. لە هەردوو سویدی و دانمارکی jern، یێرن و تا دەگات بە ئەڵمانی کە ئاسن بۆتە eisen، ئێیسن. دەبینین ڕێگای ئاسن بە زبانی ئەڵمانی پێیدەگوترێت eisenbahn، ئێیسن بان. کاتێک کە ئەمانەش لە گەڵ زبانە ئێرانیەکان بەراورد دەکەین، وەک لە ئاڤێستایی asan، ئەسەن واتا ئاسن. هەروەها بە هەمان زمان، گوتراویشە ayah، ئەیەهـ و ayo، ئەیۆ. لە زبانی مادی – ئەخمێنی ayah، ئایەهـ بە هەردوو واتای ئاسن و میتاڵ، یان کانزا هاتووە. بە

کوردی ئاسن و بە فارسییش (ئاهەن)ە. بەڕاستی بە تێڕوانینی ناوەکان لەو زبانانەی سەرەوە، دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشی هاوبەش دێتە گۆڕێ. ئەگەر جێگۆڕکێ کردنی دەنگەکانی (ر) و (هـ) بە (س)، جێبەجێ بکەین، کە لە ناوی میتالەکەدا، بە زبانەکانی سەرەوە دەردەکەون و هەموویان بکەین بە یەک دەنگ، بۆ نمونە هەموویان بکەین بە (س)، ئەوا لێکچوونی ناوەکە، لەو زمانانەی سەرەوەدا، زۆر ڕوون دەردەکەوێت. بۆ نمونە (هەیێرن)ی وێلزی، بە گۆڕانی دەنگی (ر) بۆ دەنگی (س) دەبێتە (هەیێسن). هەر بەو شێوەیەش ناوی ئیرلەندی (ئیەرەن) دەبێتە (ئیەسەن). (ئایرن)ی ئینگلیزیش دەبێتە (ئایسن). وشەی سویدی و دانمارکی (یێرن)یش، دەبێتە (یێسن). هەروەها (ئاهەن)ی فارسیش دەبێتە (ئاسەن). هەرچی ناوە ئەڵمانیەکەیە، (ئێیسن)، ئەوا ڕێسای دەنگی، وەک ناوە کوردیەکە وایە. کەواتە ئەم بەراوردکردنە سادەیە دەیسەلمێنێت، کە ئاسن لای ئەو سێ بنخێزانە زمانە، بە یەک ناوی هاوبەش ناسراو بووە. واتا ئەو بنخێزانە گەورەو ناسراوانەی هیندۆرووپی، بەر لە لێکجیابوونەوەیان لە یەکدی و دروستبوونی زبانەکانیان، ئاسنیان ناسیوە و بەکارهێناوە. کەواتە سەرەڕای ئەوەش، کە ناوەکە هێشتا لە زبانە کلاسیکیەکان بە ڕوونی نەدۆزراوەتەوە، بەڵام ناوی میتالەکە لە هەر سێ بنخێزان، دەرخەری ئەوەیە، کە لە یەک پرۆتۆزبانی هاوبەشەوە هاتوون. بەم دواییانە ئەمەش ساغ بۆتەوە، کە لە لاتینی بە ئاسن گوتراوە eas، ئێیەس. دوورگەی قوبرس، پێش ساڵانی ٧٠٠ پ. ز بە Ajasja، ئایاسیا ناودەبرا. گوایە ئەو ناوەش هەمان میتالی ئاسنە، کە لە لاتینی بۆتە eas، ئێیەس. گرنگە کە بزانین ناوی ئاسن لە زبانی سانسکریتیشدا بریتیە لە asan، ئەسەن. هەروەها ayas، ئەیاس. بەمجۆرە بوونی ناوەکە هێشتا بەرفراوانتر و کۆنترە، لەوەی کە جاران بۆی پێشبینی کرابوو. بوونی میتۆلۆژیای زۆر کۆنی (کاوەی ئاسنگەر)یش لای ئێمە، ئاماژەیەکە بۆ کۆنی پیشەی ئاسنگەری. هەندێک لە شارەزایان، لایان وایە کە وشەی ئاڤێستایی ayangha، ئەیەنگهە هەر ناوی میتاڵی ئاسنە. ناوی پۆڵا، لە هەندێک زبانی هیندۆرووپی، ڕاستەوخۆ لە ئاسنەوە هاتووە. وەک بە لاتینی acies، ئاسیێس واتا پۆڵا. لە فەرەنسی acier، ئەسیێر واتا پۆڵا. ئەلمانی کۆن ecchil، ئێسچیل واتا پۆڵا. لە سلاڤی کۆن oceli، ئۆسێلی واتا پۆڵا. هەروەها ناوی (کورەی ئاسنگەری) بە هەمان شێوە. وەک دەبینین وشەکە ڕاستەوخۆ لە (ئاسن)ەوە هاتووە. لە ئەلمانی کۆن essa ، ئێسسە واتا ئاگردان، کورەی ئاسنگەری. لە ئەلمانیدا esse، ئێسسێ. دانمارکی esic ، ئێسیک و esse، ئێسسێ. بە نەرویژی esja ، ئێسیە. لە سویدی ässja، ئێسسیە هەموویان بۆ کورە و ئاگردان بەکارهاتوون. دیارە وشەی سانسکریتی asa، ئاسە بە واتای خۆڵەمێش، کە لەگەڵ (هیس)ی کوردی خزمایەتی هەیە، دیسان لەگەڵ وشەکانی سەرەوە هاوڕەگە. هەروەها وشەی گریکی eskhare ، ئێسخارێ بە واتای ئاگردان لە هەمان ڕەگەوە هاتووە. تا لە زبانی فینلەندیشدا، وشەی ahjo، ئەهیۆ بۆ ئاگردان، خزمایەتی لەگەڵ وشەی پەهلەوی ahan، ئاهەن هەیە، بە واتای ئاسن. هەندێک لە شارەزایان لایان وایە کە ڕەگی هەموو وشەکان، دەچێتەوە سەر کرداری PIEی -ai، ئای- بە واتای درەوشانەوە. یان ais، ئەیس بە هەمان واتا. دەبینین لە گریکیش ئاسن پێیدەگوترێت aitho، ئەیتۆ یان ئەیسۆ. ناوی سلاڤی میتالەکەش، وەک لە ڕووسیدا Jileza، ژێلێزە دەبینین، لە دوو بەش پێکهاتووە. ژێل+ئێزە. ژێل واتا درەوشاوە، وەک لە وشەی کوردی ژێلەمۆ دەبیندرێت. هەروەک وشەی "ئێزە" هەمان ئاسنە. واتا ناوی میتالەکە لەو زبانانەشدا، هەر بۆ هەمان ڕەگی هاوبەشی ناوەکە دەگەڕێتەوە. بوونی دڵنیای ڕەگێکی هاوبەش بۆ ناوی ئاسن، بایەخی یەکجار زۆرە، بۆ دیاری کردنی تەمەنی زبانی هاوبەشی پرۆتۆهیندۆرووپی، هەروەها سەردەمی پەرتەوازە بوون و لێکجیابوونەوەی بنخێزانە زبانەکانی ئەو خێزانە زبانە. چونکە دیاری کردنی سەردەمی پەیدابوونی ئاسن و شوێنی گریمانیی ئەو پەیدا بوونەش،کارێکی بەو ڕادەیە ئەستەم نیە .

نالی دەڵێ: ئیلتیقای پۆڵا و ئاسن، هەر نیزاعە و گیر و دار... جەمعی مائو نار و زەند و زەندە و مەرخ و عەفار.

**کۆنترین وەسفێکی نوسراو لەسەر دیمەنێکی ئاهەنگ گێرانێکی جەژنی نەورۆز:**

مارسلیۆسی بازرگان، وەسفی دیمەنی ئاهەنگی نەورۆزی بارەگای ئەنەوشیروانی پاشای ساسانی (531-579ز)، دەکات، لە شاری تەیسەفونی پایتەخت، یان مەدائین و سەلمان پاکی ئێستا .

ئەو ئاوا و بەم جۆرە، ئاهەنگەکە دەگێڕێتەوە:-

(لە یەکەمین ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا، کچان و ژنانی پایتەخت، بە جل و بەرگی ئاوریشمی ڕەنگ ئاوی و سەوز. پیاوانیش، بە جلی تازە دروا‌وەوە، لە حەوشەی کۆشک کۆبوونەوە و دەستیان بە هەڵپەڕکێ کرد. لە ناو تەلاری بە شکۆی، کوشکی (نیگارستان)ی کیسرا ئەنەوشیروان، کە ڕووبەرەکەی (6) هەزار مەتری چوارگۆشەیی دەبێت، فەرشی زەویەکەی سپی بوو. پارچەیەکی ڕازاوە بە گەوهەری حەوت ڕەنگ، لە هەیوانی تەلار هەڵواسرا بوو. ئەو فەرشە دیمەنی بەهار و سروشتی دەنواند. درەختەکانی سەر فەرشەکە، بە زومڕود و چرۆکانیشیان، بە بەردی بەنرخی، زەبەرجەد، ئاقیقی ڕەنگ سپی، سورەتیی و یاقوتی سور ڕازابوونەوە. پەیکەری وشترێک، لە زیوی سپی و ئەسپێکیش لە زێڕی پاکی بێ خڵتە، بە زین و ڕەختی، بە گەوهەران ڕازاوە، لە جوانی تەلاری پاشای، پتر کردبوو. لەوپەڕی هەرە دوایی تەلارەکە، پەردەیەکی بە مرواری هەڵواسرابوو. کە بە ئاوریشمی ڕەنگ ئاویی دروابوو. پەردەکە سەرتاپای، پلپلەی زێڕی پێوە کرابوو.

لە ناو تەلارەوە، بە میوە و شیرینی و خۆشاو، پێشوازیان لە پیرۆزباییکەران دەکرد. ئامادە بووانی تەلار و ئەو کەسانەش، کە لە باغی تەلارەکەدا، کۆببوونەوە، لە لایەن گۆرانی بێژانەوە، خرابوونە شادیەوە......).

وەسفێکی دی کۆن، لەسەر پێشوازی کردنی خەڵکیی، لە نەورۆز و سەری ساڵ، ئەوەیە کە مێژونوس (ئەلبەیرونی) نوسیویەتی...(لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی نوێ، بە تەمەنترین کەسی خێزانەکە، هەڵدەستێتەوە سەر پێیان و کەوچکێ هەنگوین، یان پارچە قەندێک، دەخاتە دەمی یەک بە یەکی ئەندامانی خێزانەکەی. هەروەها، بە دابەش کردنی دیاریی، کە دەستە جلێکی سەوزە، یان پارەیەکی کانزایی تازە لێدراو، کە خراوەتە ناو سێوێک، یان لیمۆیەک، پیرۆزبایی هاتنی نەورۆزیان لێ دەکات. ئینجا دوای ئەمانە، هەموو ئەندامانی خێزانەکە، هەڵدەستن و نوێژی سوپاس و تەندروست باشی دەکەن. لە ئاهورامەزدا (خودا)، تەمەن درێژیی و ئارامیی و شادمانیی دەخوازن. دوای ئەو ڕێوڕەسمە خێزانیە، ژن و پیاو، بچوک و گەورە، دەرژێنە کۆڵان و لە سەر ڕێگای خۆیاندا، هەر کەسێکیان بەرچاو کەوت، ئەوا ئاوی پێدا دەپژێنن).

گەر سەرنج بدەن، ئەوکاتە، پارەیەکی کانزایی تازە لێدراو، کە خراوەتە ناو سێوێک، یان لیمۆیەک، کراوەتە دیاریی. ئێستا لە کوردەوارییدا، مێخەک دەخرێتە سێوەوە، واتا مێخەکبەند دەکرێت و دەکرێتە دیاریی خۆشەویستیی. هەروەک من سەرنجم لەوە داوە، کە تا ئێستاش، لە کوردەواری، گەر کەسێک ئاوی لە دەست بڕژێت، پێی دەڵێن: "هیچ نەبوو ئاو ڕووناکیە".

**میرنەورۆزیی:**



وێنەیەک لە دیمەنی (میرنەورۆزیی) لە مەهاباد، ساڵی ١٩٤٤ز.

یەکیکی دی لە نەریتە کۆنەکانی کوردەواری، لە کاتی یادکردنەوەکانی جەژنی نەورۆزدا، میر نەورۆزییە. مێژوی میرنەورۆزی دیارنیە، بەڵام ئەوەندە کۆنە، کە حافزی شیرازیش ئاماژەی پێکردووە و دەڵێ: "سخن در پرده می گویم، چو گل از غنچه بیرون آی... که بیش از پنج روزی نیست حکم میر نوروزی". لە سەردەمە کۆنەکاندا، وا باو بوو کە فەرمانڕەوا و دەستەڵاتداری شار، لە پێنج ڕۆژی یەکەمی دوای نەورۆز، دەستی لە فەرمانڕەوایی هەڵدەگرت. خەڵکی شار و گوندەکانی دەوروبەر، کەسێکیان لە جیاتی فەرمانڕەوا، بۆ میری شار دەستنیشان دەکرد. بەو کەسە دەگوترا میر نەورۆز. هەڵبژاردنەکە، بێبەش نەدەبوو لە نواندنی شانۆیی و هەندێک شێوەی گاڵتەجاڕیەوە. میر نەورۆز، جل و بەرگی ڕازاوە و تایبەتی لەبەر دەکرا. ئەو بە هاوکاری چەند یاوەرێکی، کە خۆی هەڵیدەبژاردن، کاروباری فەرمانڕەوایەتی و دادگای هەڵدەسوڕاند. وەک باویش بوو، هەموو خەڵک، بە فەرمانڕەوای ڕاستییشەوە، ملکەچی فەرمانەکانی میر نەورۆز دەبوون. فەرمانەکانی میر نەورۆز، وەک نەریتێکی ناسراو، دەبا جێبەجێ بکرێن. زۆر جاران، میر نەورۆزی، بە هاندانی ئەوانەی کە ببوونە وەزیر و گزیری میر، بڕیاری ئەوتۆی دەردەکرد، کە جۆرێک لە دژایەتی تێدا بوو، لەگەڵ بڕیار و فەرمانەکانی میری ڕاستی. هەندێک جاریش بڕیارەکانی، پێچەوانەی نەریتێکی لەسەر ڕاهاتوو و باو بوون. هەروەک زۆر ناهەقی هەقخوراوانی، بۆ خاوەنەکانیان دەگێڕایەوە. فەرمان و بڕیارەکانی میر نەورۆزی، دەبایە لای هەمووان ڕێز لێگیراو بێت. تەنانەت میری بەڕاستیش، دوای گەڕانەوەی بۆ دیوەخان، بۆی نەبوو بڕیارەکانی میر نەورۆز هەڵبوەشێنێتەوە. لە ڕاستیدا، میر نەورۆزیی، بریتی بوو لە دەستەڵاتی ڕاستەوخۆی خەڵک، لەو (5) ڕۆژە سنوردارەدا. سەرچاوە هەن، کە ماوەی دەستەڵاتی میر نەورۆزییان، تا ڕۆژی سێزدە بەدەر زانیوە .

غەنی بلوریان، لەسەر چۆنیەتی یەکێک لە میرەکانی نەورۆزی شاری مەهاباد، بە ناوی (سەدیقی سیاسەری)، کە خۆی لە کاتی هەڵبژاردنیدا، لەوێ بووە، بە درێژی نوسیوە. ئەو لە بارەی دەستەڵاتی میر نەورۆزی وای نوسیوە (ڕادەی دەستەڵاتی میر، لە شار و لادێیەکانی نزیکیدا، زۆر بەرفراوان بوو. ئەو دەیتوانی خەڵک سزا بدات و باج لە مرۆڤی سامانداربستێنی. پارەکانی میر، لە خەزینەی میردا کۆدەبووەوە. میر بەو پارانە. یارمەتی بنەماڵەی هەتیوبارەکان، پیر و پەککەوتوەکان و ئەو لاوە دڵدارانەی دەدا، کە پارەی زەماوەندیان نەبوو. میر دەیتوانی، ناکۆکی نێوان خەڵک چارەسەر بکات و ئەوان لە دژایەتی لەگەڵ یەکتر و ڕووبەڕوو بوون، دژی یەکتر بپارێزێ و گەلێک داب و نەریتی جوانی کوردەواری، زیندوکاتەوە.) .

دەکرێت بڵێم کە میر نەورۆزیی کوردی، بە شێوەیەک، هەمان ئەو نەریتەیە، کە دواتر لای مەسیحیەکان، بە شێوەی بابانۆئێل، لە یادی لەدایک بوونی عیسای مەسیح دەیکەن. دیارە بە ئەرک و دەستەڵات و فەرمانێکی زۆر جیاوازەوە .

تا ساڵانی سی و چلی سەدەی بیستیش، لە سلێمانی و مەهاباد و زۆر گوندی گەورەی کوردستان، ڕێوڕەسمی میر نەورۆزیی دەکرا. دوای گەیشتنی خوێندنگە، ڕێگاو بان و کارەبا و ڕادیۆ، دواتریش تەلەفزیۆن، ئیدی یادەکە بەرە بەرە، بەرەو کزی چوو. بە تایبەت دوای ئەوەی کە دەوڵەت لە باشور، زەوی لە ئاغاکان سەندەوە و لە شوێن و پێگەیانی دا. دواتریش، چاکسازیەکانی زەوی سەردەمی شا، هەمان شتی لەگەڵ خانە زەویدارەکانی ڕۆژهەڵات کرد. واتا دیوەخانی ئاغا و خانەکان هەڵگیران و پۆلیسخانەکانی دەوڵەتی داگیرکەر شوێنیانی گرتەوە. دیارە یاری و ڕابواردنی، دەستەڵات لە پۆلیس وەرگرتن، هەرگیز ئاوا بە خۆشی و ئاسانی نەدەکرا. جێگای سەرنجە کە فەقێ و مزگەوتە دوورە دەستەکانی لادێ و شارە بچوکەکان، دوا سەنگەری میر نەورۆزی بوون. فەقێیان بۆ کات بەسەر بردن، لە شوێنی خەوتن و خوێندنیان (حوجرە)، یان ژووری تایبەتی ناو مزگەوت، تا ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردووش، درێژەیان بە یاری میرنەورۆزی و چەندان یاری و گەمەی دی نەریتیی کوردەواری داوە. من بە منداڵی، لە کۆتایی ساڵانی شەست، شانۆگەریەکی میرنەورۆزییم لە مزگەوت بینیووە. کوڕی مەلاخدری، ئیمامی مزگەوتی (شێخ ڕەشید)، لە گەڕەکی تەیراوە، زەماوەندی دەکرد. ئاهەنگەکە لەناو هۆڵی مزگەوت کرا. درەنگی شەو، فەقێیان شانۆگەری میرنەورۆزیان کرد و یەکێکیان بووە میر و چەند وەزیر و گزیرێکیشی هەبوو.

میرنەورۆزیی، تا پەنجا ساڵێک پێش ئێستاش، لە ژێر ناوی دی، کەموزۆر برەوی مابوو. لە گوندەکانی موکریان، پێیدەگوترا "میرمیرێن" و میر بە قالبە شقارتە هەڵدان هەڵدەبژێردرا. دەستەڵاتیشی، هەر ئەو کاتەی یاریەکە، لای یاریکەران، ڕێزی لێدەگیرا. لە ناوچەی سەقزیشدا، بە هەمان دیاردە دەگوترا "شا و وەزیر و دز".

ئەوەی مایەی تێڕامانە، ئەو دیاردەیە، لە سەردەمی دەستەڵاتی کۆنینەی بابلیانیشدا هەبووە. لەوێ، ئەم کارانە، لە 21ی ئادارەوە، واتا لە ڕۆژی نەورۆزەوە، تا ڕۆژی هاتنی سەری ساڵی بابلی، لە 1ی نیسانی دەخایاند. دیاردەکە لە یەکێک لە تابلۆ مێخیەکاندا، ناوی لێندراوە "ئازادی بێ سنور". جێگای سەرنجە، کە لە کۆمەڵگایەکی دابەش بوو بەسەر کۆییلە و خاوەن کۆییلەدا، لەو ڕۆژانەدا، کارکردن بە کۆییلان قەدەغە دەکرا. ئەوەی بشیویستبایە، ئەوا هەر لەو بۆنانەدا، کۆیلەی ئازاد دەکردن.

**سێزدە بە دەر:**

سێزدە ڕۆژ دوای نەورۆز، وەک باوە، خەڵک لە ماڵەکانیان دەچنە دەرەوە و ڕوو لە دەر و دەشت و ناو باخان دەکەن. هەروەک لە هەندێک شوێن، ناو ماڵ هەڵدەتەکێنن و دەیدەنە بەر خۆرەتاو.

مێژونوسان شتێکی ئەوتۆیان لەسەر سێزدە بەدەر بۆ نەنوسیوین. ئەوەی هەیە، هەر لێکدانەوەی جۆراو جۆرن، کە بۆ ئەو نەریتە کراون. ئەوەی پتر لە هەمووان لە ڕاستی دەچێت و لەگەڵ بۆچوونە ئایینیەکانی زەردەشتیی ڕێک و تەبا دێتەوە، ئەوەیە کە، لەو ئایینەدا، 12 کەلو یان بورجەکە، نیشانەی بەختەوەری بوون. 12 ڕۆژی یەکەمی ساڵی نوێ، بە ڕۆژانی تایبەتی ئەو کەلوانە داندراون. کەواتە کەوتنە ناو ڕۆژی سێزدە، واتا دەرچوون لە بەختەوەری و چوونە ناو جغزی بەدفەڕی. خەڵک لەو ڕۆژەدا، بۆ داتەکاندنی بەدفەڕی، ناو ماڵەکانیان هێناوەتە دەرەوە و هەڵیانخستووە. هەر لەبەر هەمان هۆش بووە، کە ئەو ڕۆژە ماڵەکانیان چۆڵ کردوە و وەک گەشت و سەیران، ڕوویان لە دەر و دەشت و ناو ڕەز و گوڵ و باخان کردووە.

دیارە ئێستا دیاردەی ناوماڵ گۆڕین و کڕینی شتی تازەشی هاتۆتە سەر. واتا خێزانەکان هەوڵ دەدەن، بەشێک لە کەلوپەلی ناوماڵیان، بە هی تازەتر بگۆڕنەوە.

لەسەر سێزدە و سێزدەبەدەر، وردەکاری زۆرمان لەبەردەست دایە. بابلیەکان، هەر مانگێکیان بە ناوی گیانەوەر، یان باڵندەیەکەوە نابوو. ئەوان پێڕەویان لە ساڵنامەی مانگی دەکرد، وەک کە ئێستا لە بۆنە ئایینیەکانی ئیسلام سودی لێ وەردەگیرێت. بە گوێرەی ئەم ساڵنامەیە بێت، هەر ساڵەی یازدە ڕۆژی لێ کەم دەکات. واتا بە سێ ساڵ، مانگێک ون دەبێت. بۆ چارەسەرکردنی ئەمە، بابلیەکان، هەر سێ ساڵ، ساڵێکیان دەکردە کەبیسە و بۆ پڕ کردنەوەی کەلێنەکە، ساڵیان دەکردە سێزدە مانگ. مانگی سێزدەم، کە ساڵانە نەبوو، ناونرابوو (قەلەڕەش). سەیر ئەوەیە کە تا ئەمڕۆش، لە کوردەواری، قەلەڕەش بە باڵندەیەکی بەدفەڕ دەزاندرێت. دیارە ژمارە سێزدەش بە هەمان شێوە. دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی، فەرهەنگی بەدفەڕکردنی ژمارە سێزدە، لێکدانەوەی دیشی بۆ کرا. دەبێت سەرنجی ئەمەش بدەین، کە سێزدەبەدەر، واتا سێزدە ڕۆژ دوای نەورۆز، ڕێک دەکاتە یەکەم ڕۆژی مانگی نیسان، کە لای بابلیەکان، سەری ساڵ و لە ماڵ دەرچوون و ئاهەنگ گێران بووە. واتا کاتی چوونە دەروەی بابلیان بووە .

ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە، لە ڕێگای بڵاوبوونەوەی فراوانی ئایینی میترایی، لە سنوری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، سێزدە بەدەر، بووە بەشێک لە داب و نەریتی ئەوروپیانیش. بە هەمان شێوە، دیاردەکە کەوتۆتە ناو ئایینی مەسیحیشەوە. ئەوان سێزدە ڕۆژ دوای کریسمس، یان ڕۆژی لەدایک بوونی مەسیح، دەکەنە ڕۆژی پشودان، هەروەها ناو ماڵ پاک کردنەوە. لەو ڕۆژەدا، چڵە دار زەیتونی جەژنی لەدایک بوون، فڕێ دەدەنە دەرەوە. هەر بە هۆی دەسکاری کردنی ڕۆژژمێری ڕۆژئاوایی، لەسەردەمی پاپ گریگۆریەوە، 13 ڕۆژی ئەو ساڵە، کە کەڵەکە ببوون، لادران. کڵێسای ئەرتەدۆکسی، کە لە یۆنان و ئەوروپای ڕۆژهەڵات، میسر، ئەتیوپیا و ئەریتریا، هەروەها ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێڕەوانی زۆرە، ئەم چاکسازی ڕۆژژمێریەیان پەسەند نەکرد. ئەمڕۆ ئەوان 13 ڕۆژ لە دوای کاتۆلیک و پرۆتێستانەکان، جەژنی لەدایک بوونی عیسای مەسیح دەگێڕن .

بەدفەڕی ژمارە سێزدەش، لای گەلانی ئەوروپی، زۆر ناسراوە. لە نەریتی وڵاتانی مەسیحی ئەوروپا، ئەگەر، سێزدەی مانگ بکەوێتە ڕۆژێکی هەینی، ئەوا زۆر شومترە و وا باشە ئەو کارەی لەپێش مرۆڤە، دوای بخات. ڕوونکردنەوەی جۆراوجۆر بۆ ئەم داب و نەریتە کراوە. ڕاستیەکەی ئەمەیە، کە بۆ سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی دەگەڕێتەوە، لە ناو گەلانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەت ئارامی زمانانی دەشتی شام. لە ئاینی مەسیحیەتدا، ڕۆژی یەکشەم، بە ڕۆژی خواپەرستی دادەندرێت و گوناه بووە خەڵک لەو ڕۆژەدا کاری دی بکات. تەنانەت کار کردن لە یەکشەممە، بە شومیش دادەندرا. ناوی یەکشەم بە ئارامی، بریتیە لە سێ پیتی (أحد). لە (ئەبجەد)ی ئارامی، هەر پیتێک و ژمارەیەکی جفرەیی، یان کۆدی هەیە. ئێمە دەزانین ژمارەی هەر یەک لە پیتەکانی أ =١. ح =٨. د = ٤. کەواتە هەرسێ پیتەکەی پێکهێنەری ناوی (أحد)، بەیەکەوە ژمارەکەیان دەبێتە سێزدە. شومیی سێزدە لەم ڕاستیە سادەیەی سەرەوە بڵاوبۆتەوە. لە سەردەمی شەڕی خاچپەرستیدا، دیاردەکە دەکەوێتە ناو گەلانی مەسیحی ئەوروپیشەوە.

دێمەوە سەر وشەی (بەدەر) لە سێزدەبەدەردا. وەک لە واتاکەشی دیارە، (بەدەر)، ئاماژەیە بۆ لە ماڵ (بەدەر) کەوتن. واتا لەو ڕۆژەدا، یان لە سێزدەمین ڕۆژی نەورۆزدا، دەبێت لە ماڵ و شوێنی تێدامانەوە و لێژیانمان وەدەر بکەوین، جا بە ناوی سەیران بێت، وەک کە باوە، یان ماڵ داتەکاندن و هەوا گۆڕین.

**ناوماڵ داتەکاندن:**

ناوماڵ داتەکاندن و پاک کردنەوە، یەکێک لەو داب و دەستوورانەیە، کە پەیوەندی بە کردنەوەی یادەکانی نەورۆز و سەری ساڵەوە هەیە. بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەی، کە جەژنی نەورۆز پیرۆز دەکەن و داب و نەریتی جۆراوجۆری بۆ ئامادە دەکەن، هاوکات پابەندنیشن بە "ناوماڵ داتەکاندن و پاک کردنەوە" لە پێش جەژنی نەورۆزدا.

فارسەکان بەو داب و نەریتە دەڵێن "خانە تکانی"، واتا "ناوماڵ داتەکاندن."

ئەو داب و نەریتە، جگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ناو گەلانی وڵاتانی جۆراوجۆری وەکو (ئێران، تاجیکستان، ئەفغانستان، ئازەربایجان)یش، پێرەوی لێ دەکرێت.

لای سابیئە مەندائیەکانیش، ڕۆژی نەورۆز، یان ڕۆژی (پەروانیا)، یان وەک هەندێک جار دەڵێن ڕۆژی (پەنجە)، ڕۆژی دروست بوونی گەردوونە. مەندائیان، پێش ئەو ڕۆژە، کەلوپەلی ناو ماڵیان، دەبەنە دەم ئاوی ڕووبار، یان ئاوێکی لەبەر ڕۆیشتوو، لەوێ دەیانشۆن. هەروەک ناوماڵەکانیشیان دەپرژێنن.

بەرلەوەی جەژنی نەورۆز بگات، خەڵکی بە گشتی، ناو ماڵەکانی خۆیان پاک دەکەنەوە. "ماڵ پاک کردنەوە" لەلای گەلانی ئەم وڵاتانە، هەموو ساڵێک، پێش هاتنی نەورۆز، دەست پێدەکات. ئەو نەریتەش، بە واتای نوێ بوونەوە و گۆڕانکاری دێت. هەروەک بە واتای پێشوازی کردنیشە لە ساڵێکی نوێ. نوێ بوونەوە و گۆڕانکاری، لە بنچینەدا بە واتای گۆڕانکاری دێت، لە سەرتاپای کەلوپەل و پێداویستییەکانی ناوماڵ و دیسان نوێ کردنەوەیان، جا بە گۆڕینیان بێت، یان شوشتن و پاک کردنەوە، یان وەک بۆتە باو هەر، نەریتی هەڵخستن و داتەکاندنیان لەبەر خۆرەتاو.

لەسەردەمی ئەمڕۆدا، هەموو واتاکانی "ناوماڵ داتەکاندن و پاک کردنەوە" تەنها لە پاک کردنەوەی سەرجەم کەل و پەل و پێداویستییەکانی ناوماڵدا کورت کراوەتەوە. هەروەک نوێن و ڕایەخ و مافورەکانی ناو ماڵ، دادەتەکێنن و دەیاندەنە بەر تاوی خۆرەوە. واتا هەڵدەخرێنە بەر تیشک و تاوی خۆر. دیارە ئەوانەش کە پارە و پولێکیان پاشەکەوت کردووە، دەیانەوێت لەم ڕۆژانەدا، هەندێک کەلوپەلی تازەتر بۆ ناو ماڵەکانیان بکڕن. بەلای ئەو گەلانەی کە پەیڕەوی لەو نەریتە کۆنە دەکەن، "ماڵ داتەکاندن و خاوێن کردنەوە" تەنها ئەرکی یەک کەس یان دوو کەس نییە، بەڵکوو کارێکی بە کۆمەڵ و هەرەوەزییە. هەموو ئەندامانی خێزان و هەندێک جاریش، کەس و کاری نزیک بە خێزانەکەش، لەکاتی "ناوماڵ داتەکاندن و پاک کردنەوە"دا هاوکاری یەکتر دەکەن و پێداویستیەکانی ناو ماڵ خاوێن دەکەنەوە.

لە باشوری کوردستان، هەروەک پارچەکانی دی کوردستانیش، کە لەژێر دەستی تورکانی عوسمانی دابوون، واتا باکور و ڕۆژئاوای کوردستان، ئەو نەریتەش، وەک نەریتە دێرینەکانی دی یادکردنەوەی نەورۆز، بە شێوەی جاران، پەیرەوی لێ ناکرێت.

**هۆی خۆڕاگری و بە نەمری مانەوەی نەورۆز چیە؟**

ئەگەر وای دابنێین کە نەورۆز، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، یان ڕاستەوخۆ، پەیوەندی بە ئایینی زەردەشتییەوە هەیە، ئەوا وەک دەزانین، زەردەشتیان، هەر جەژنی نەورۆزیان نەبووە. گەلێک جەژنی گەورە و خەڵکیی و گەلێریی دیش هەبوون، کە ئێستا نەک هەر یادیان ناکرێتەوە، بەڵکو ناویشیان لە بیری نەوەکانی ئەوڕۆمان نەماوە. هەر بۆ نمونە، ئێمە زانیاریمان لەسەر جەژنەکانی میهرەگان، تیرەگان، سەدە، پەروەردگان، ئازەربەخش و ... هەر ئەوەندەیە، کە مێژونوسانی سەرەتای ئیسلام، بۆمانیان تۆمار کردووە. کەواتە دەبێت هۆی چی بێت، کە لەناو هەموو ئەو جەژنە کۆنانەی سەردەمی ساسانیان، لە دوای هاتنی ئیسلام، تەنیا نەورۆز بوو، کە بەرگەی مانەوەی گرت و خەڵکی ناوچەکە، منجڕانە بەردەوام بوون لە یاد کردنەوەیدا؟

زۆر کەس هەوڵی داوە تا وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە. زوربەی وەڵامەکانیش، خۆیان لە دوو ئەگەر قەتیس کردووە. یەکەمیان ئەوەیە کە نەورۆز لە جەژنەکانی دی، زۆر کۆنتر و ناسراوتر و گەورە و گرنگتر بووە، بۆیە ئیسلام نەیتوانیوە لە بیر خەڵکی بەرێتەوە. دووەمیان هێشتا خەیاڵئامێزترە. هەندێک وای دادەنێن، کە خەڵک ئەم جەژنەیان، وەک چەکێک بۆ دژایەتی کردنی عارەبان بەکارهێناوە و ویستویانە هەمیشە پیشانی بدەن، کە ئەوان خاوەنی داب و نەریتی کۆنینەی خۆیان بوون، کە ئامادەن بۆ هەمیشە یادیان بکەنەوە.

دیارە کە هەردوو وەڵام، خۆیان لەبەر نەشتەری لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانە ناگرن. نەورۆز هەر لە بنەڕەتەوە جەژنێکی ئایینی و زەردەشتیی نەبووە، تا لە جەژنەکانی دی، کە ئایینی و زەردەشتیترن، گەورەتر و گرنگتر بێت. کەواتە دەبایە، یەکێکی دی لەو جەژنانەی سەرەوە، بە تایبەت میهرەگان، کە زۆر ناسراوتر بووە، هەروەک بە یادی میهر، یان میترا ناونراوە، بۆمان بمابایەوە. دیارە هەر ئەم وەڵامە، دەری دەخات، بۆچوونی دووەمیش ناڕاستە، چونکە هەمان پرسیارمان ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کە بۆ لە دژایەتی کردنی عارەبان، تەنیا نەورۆز دەستی پێوە گیرا و هەموو داب و نەریت و وردەکاریەکانی دی ئایینی کۆن وازیان لێ هێندرا؟. تەنانەت خەڵکی کەوتنە بەردباران کردنی، چاڵی زیندە بەچاڵکردنی باوک و باپیرەشیان، بە ناوی گۆڕی کافرانەوە. لە بەرامبەر ئەوەشدا، گۆڕی داگیرکەرە بکوژەکانی دوێنێمانیان کردۆتە (گۆڕی ئەسحابان!). کەواتە هەستی دژایەتی کردنی عارەب، دەمێکە لە گیانی تاکی ئەم وڵاتە دەستەمۆ کراوە و خەڵک لە بەرامبەر فەرهەنگی کۆنی خۆی، نامۆ و بێ ئاگایە.

کەواتە دەبێت لە لایەکی دیەوە، بۆ هۆی مانەوەی نەورۆز بە زیندویی بگەڕێین. ئەوەی بۆ من دەرکەوتووە، ئەوەیە کە نەورۆز لە کۆنی کۆنەوە، تا سەردەمی دەستەڵاتی درەوشاوەی ساسانیانیش، بەر لە هەر شتێک، سەریساڵ بووە.

ئێستا لە سیستەمی زۆر وڵاتدا، سەری ساڵی ئاسایی ڕۆژژمێریی، بە جیا هەیە و سەری ساڵی داراییش بە جیا. سەری ساڵی دارایی، ئەو ڕێکەوتەیە، کە تێیدا بودجەی دەوڵەت، (بە داهات و خەرجیەکانەوە) دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. بۆ خۆئامادە کردن، بۆ سەری ساڵی دارایی، دەبێت لەپێش هەر شتێکدا، کاری باجگیریی کۆتایی پێهاتبێت، کە بنچینەی داهاتی دەوڵەتە. لە سەردەمە کۆنەکاندا، ئەم دوو کارە لەگەڵ یەک دەکران. سەری ساڵان، دوا ڕۆژی باج بە دەوڵەت دان بووە. لە بەشەکانی سەرەوەدا نوسیومانە، کە مانگی نەورۆز، لە سیستەمی دارایی ساسانیان، مانگی کۆکردنەوەی باج و داهات بوو. هەروەک مانگی پلە بەرزکردنەوە، یان گۆڕینی کاربەدەستان بووە. بۆیە هەر دەستەیەک لە (5) ڕۆژەکەی خۆیدا، یان دەبا باج بدات، یاخود (دیاری) بۆ پاشا بێنێت. پاشاش دیاری بەوانە دەدا، کە باشترین کاریان بۆ دەوڵەت و وڵات کردبوو. دیارە خەڵکی ناو سنوری وڵات، وەک ئێستا سەرژمێری نەکرابوون. نەدەزاندرا کێ باجی داوە و کێ نەیداوە. بازرگانان و خاوەن

پیشە دەستیەکان، باجیان بە شێوەی دراو دەدا. زۆرینەی خەڵکیش، کە جوتیار، ڕەزدار و ئاژەڵدار بوون، ئەوا باج لە بەروبوومیان و ئاژەڵەکانیان وەردەگیرا. بازرگانان، دەبا خۆیان باج بدەن. زۆرجارانیش، هەر بە شێوەی گومرگ، لەکاتی چوونە ناو سنوری دەوڵەت، پارەیان لێوەردەگیرا. خاوەن پیشەکان، کە خاوەنی پێرەوی ناوخۆی داخراو بوون و پێیدەگوترا "ناموس"، باجیان لە لایەن سەرۆکی پیشەکەوە لێ وەردەگیرا و لە بەرامبەر هەندێک پارە، ئەوانیش دەیانگەیاندە دەفتەری، یان دیوانی باجەوە. میرە ناوچەییەکانیش، برە پارەیەکی دیاریکراویان بۆ داندرابوو، کە دەبا وەکو باج کۆیبکەنەوە و بیگەیەننە دەفتەری باج لە پایتەخت. میرەکان لەشکر و دەستەی بە ئەسپ و گالیسکەی باجگرییان هەبوو، کە بەسەر گوند و شارە بچوکەکانیان دادەدا و باجیان بە زۆری لە خەڵک دەستاند. بێگومان باج سەندن، بێبەریش نەبووە لە ستەم لە خەڵک کردن و جۆرێک لە تاڵانیی. ئەم کارە تا ڕۆژی نەورۆز، درێژەی دەکێشا. جوتیاران لە ترسی باجگران، دانەوێڵەکانیان، دوور لە ماڵان و لە ناو چاڵە گەنم و کەندوی ژێر زەوی دادەپۆشی، تا باجگر نەیبینێت.

دیاردەی دانانی گزیرلە گوندەکان، بۆ ئەو سیستەمەی باجی ئەو سەردەمانە دەگەڕێتەوە. گزیر، کە هەر لە گوندەکە دەمایەوە، دەیزانی داهات و بەروبووم و ژمارەی سەرە ئاژەڵی دانە دانە لە جوتیار و لادێیەکان چەندە. لەسەردەمی عوسمانیاندا، موختار جێگای گزیری گرتەوە.

کە نەورۆز دادەهات، لە ڕاستیدا، جەژنی ئەوانە بوو، کە نەکەوتبوونە چنگی باجگرەوە. یاخود توانیبویان هەندێک لە بەروبوومەکانیان بخەنە لاوە. دیارە ئەوانە لە دڵەوە جەژنی نەورۆزیان دەکرد و شادمان دەبوون، کە لە ڕاستیدا، جەژنی دەرباز بوون، لە تاڵان و برۆی میرێکی چاوچنۆک بوو.

بە هاتنی عارەبان بۆ ناوچەکە، سەری ساڵ و چۆنیەتیی و شێوەی باج وەرگرتن، هەموویان گۆڕان. ساڵنامەی ئیسلامی، بە دەرکەوتن و ون بوونی مانگ دیاری دەکرا، کە مانگێک، هەندێک جار (30) ڕۆژ بوو، هەندێک جاری دیش، (29) ڕۆژ. دەستەڵاتدارانی نوێ، باج، یان زەکاتیان، بە ڕێژەی لە سەدا دە ٪١٠، لە نەوموسوڵمانان وەردەگرت، بۆ خەزینەی دەوڵەت، یان (بەیتولمال). هەروەک (جزیە)شیان، بە ڕێژەییەکی بەرز، لەو کەسانە وەردەگرت، کە سەر بە ئایینی زەردەشتیی، یان جو و مەسیحیی بان. دیارە دوا کاتی باج وەرگرتن، دەکەوتە پێش سەری ساڵی عارەبیی. سەری ساڵی عارەبیی کۆچیش، وەکو چەرخ و فەلەک، ساڵانە، بە (11) ڕۆژ، بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە. دیارە لەو کاتانەی کە باج وەرگرتن، دەکەوتە ئەو کەژانەی، کە بەروبووم کۆ دەکرایەوە، ئەوا باجگران دەگەیشتنە سەر خەرمان و دەسکە گوڵی خۆیان لێ دەدا، کە ساڵیش دەکەوتە کەژەکانی دیەوە، ئەوە بواری شاردنەوەی بەروبووم و خۆ دەرباز کردن لە دەست باجگران، ئاسانتر دەبوو. فەرمانڕەوایانی موسوڵمان، بەردەوام بیریان لە ڕێگا چارەیەکی باشتر دەکردەوە، تا بتوانن خەڵکەکە، زۆرتر بدۆشن و بگوشن. لایەنەکەی دیش، کە باجدەران بوون، خەمی دی خۆیانیان هەبوو. ئەوانیش بە شێوەی دوو سەرە، کەوتبوونە بەر داپڵۆسینەوە.

سەرچاوە مێژووییەکان، ئاماژە بە ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەری باجگرانی موسوڵمان دەکەن. دەبێت ئەمە لە سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان(685-705)ی خەلیفەی ئەمەوی دا بووبێت. گوایا باجگران چەندان جار، لە کەوشەنی کۆن و جارانی دەوڵەتی ساسانی، ڕووبەڕووی تورەیی خەڵک بە گشتی و جوتیاران بە تایبەتی بوونەتەوە، چونکە ئەوان دەیانگوت، ئێوە بە نەزانی خۆتان، هەر (32) ساڵ، باجی ساڵێکمان پتر لێ وەردەگرن. واتا باجی (33) ساڵیان لێ دەستێنن. باجگران لەم جۆرە ژماردن و لێکدانەوەیە نەدەگەیشتن، بەڵام دیارە بابەتەکەیان دەگەیاندە، کاربەدەست و دەستەڵاتداری گەورەی باج و خەراجی عەبدولمەلیک، واتا خوێنڕێژ و دڕندەی ناسراو (حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی، 660-714ز).

درەنگانێک و کاتێک کە ناڕەزایی باجدەران پتر بەرز بووەوە، حەججاج پرسەکە دەگەیەنێتە خەلیفە. ئەویش داوا لە شارەزایان دەکات، تا تێی بگەیەنن، ئەم 32 ساڵ و 33 ساڵە چیە و چۆنە و چەندی ڕاستە. شارەزایان بۆی ڕوون دەکەنەوە، کە ساڵی کۆچی بە خولانەوەی مانگ دەژمێردرێت، بۆیە 11 ڕۆژی لە ساڵی زەردەشتیان و مەسیحیان کەمترە. بەم پێیە بە 32 ساڵ، ساڵی کۆچی دەبێتە 33 ساڵ و بەمەش ئێمە باجی 33 ساڵیان لێ وەردەگرین، لە کاتێکدا هەر 32 ساڵ تێپەڕیوە. شارەزایان ئەمەشیان لە خەلیفە گەیاند، کە جاری وایە سەری ساڵی کۆچی، دەکەوێتە کەژی زستانەوە و بەروبووم

پێنەگەیشتووە، بۆیە باجگران ناچارن خەڵک تاڵان بکەن. خەلیفە تێگەیشت کە بەرژەوەندی وا دەخوازێت، تا بە گوێرەی ڕۆژژمێری کۆنی ساسانیان، باج کۆ بکرێتەوە. بۆیە بڕیار درا، تا وەکو جاران، ڕۆژی نەورۆز، دوا ڕۆژی باج وەرگرتنی ساڵی دارایی بێت.

حەججاج، بۆ وەرگرتنی دیاری لە دەوڵەمەند و دەسترۆیشتوان، ڕایگەیاند، کە بە یادی پیرۆزبایی کردنی نەورۆز، لەو ڕۆژەدا دەرگای وی لە بارەگای والی کراوەیە. بۆ ئەوەش تا لە باجدەرانی زەردەشتی نزیکتر بێت، شاری (واسیت)ی دروست کرد و کردیە بنکەی خۆی. سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە دوای ئەوەی باج و دیاری و جزیە، لە توانای دارایی خەڵکی دەرچوو، زەردەشتیان بە کۆمەڵ بوونە موسوڵمان، تا لانی کەم، جزیەیان لەسەر لابچێت. حەججاج زۆر لێیان توڕە بووە و گوتویەتی، ئەگەر هەمووتان ئاوا ببنە موسوڵمان، ئەوا خەزێنەی خەلیفە بەتاڵ دەبێت.

جورجی زێدان، لەمبارەیەوە نوسیویەتی (ئومەویەکان، خەڵکی ئێرانیان ناچار دەکرد، تا لە جەژنی نەورۆز، دیاریان بۆ بێنن. بەمەش نەریتی دیاری وەرگرتنی نەورۆزی زیندو کردەوە). لە دوای ئەمەوە، وشەی نەورۆز، یان بە شێوە گۆکردنی (نیروز)، کەوتە ناو زمانی عارەبیشەوە. دیارە وشەی میهرەگانیش، واتای کۆنی خۆی لەدەست دابوو، بۆیە هەر بۆ یادکردنەوە و ئاهەنگی نەورۆز بەکارهێندرا، کە بە شێوەی (میهرەجان) چۆتە ناو عارەبیەوە. هەندێک سەرچاوە، ئاماژە بەوەش دەکەن، کە حەججاج، ویستویەتی خەڵک، لە جەژنی زستانەی میهرەگان دیاری بۆ بێنن، بەڵام چونکە جەژنەکە، پەیوەندی بە باج وەرگرتنەوە نەبووە، خەڵک خۆیان لێ دزیوەتەوە و لەبیر کراوە. بەمجۆرە، خەڵک بە تاسەوە چاوەڕوانی هاتنی نەورۆزیان دەکرد، چونکە دوای ئەو ڕۆژە، تا ساڵی ئایندە، لە دەست (تاڵان)ی سوارانی باجوەرگری خەلیفە، ڕزگاریان دەبوو. (ڕابردووی وشەی "تاڵان"، بۆ خۆی چیرۆکێکی دی جیاواز و سەربەخۆی هەیە.

ئیبن ئەلرومی (836- 896)، کە شاعیرێکی ناسراوی سەردەمی زێڕینی دەستەڵاتی عەبباسیان بووە، لە شیعرێکیدا، بە زەقی، ئاماژە بە کەڵەکە بوونی پارە لە نەورۆزدا دەکات و دەڵێت:

أضحت يمنک في النيروز فائضة... بالمال لا الماء غير إرهام.

لە هەندێک سەردەمدا، ڕۆژی نەورۆز، بە هۆی هەڵە ژماردنی بەردەوامی ڕۆژژمێر بووبێت، یان هۆکاری دی، کەوتۆتە ڕۆژانی دی. یەکێک لە هۆیە سەرنجڕاکێشەکانی گۆڕینی کاتی هاتنی نەورۆز، گوایا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کاربەدەستان، خۆشیان لە سەرەتای بەهار نەهاتووە، بۆ کۆکردنەوەی باج. هۆیەکەیشی ئەوە بووە، کە لەو کاتانەدا، جوتیاران هیچی وایان لە ماڵ نەبووە تا لێیان وەربگیرێت. بۆیە نەورۆز خراوەتە کۆتایی مانگی حوزەیران، یان مانگی شەشەمی زایینی. ئا لەو کاتانەدا، گەنم لەسەر خەرمانە بووە و جوتیاران هێشتا فریای شەنەبا کردن و شاردنەوەی لە کەندوان نەکەوتبوون، کە نوێنەرانی باجوەرگر، دەگەیشتنە سەر خەرمانە و شەقڵیان لە لاتەنیشتەکانی دەدا. هەروەک زۆرێک لە میوەکانیش، ئەو کاتە بەریان دەگەیی. وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، لە ساڵی 1074ز بوو، کە نەورۆز، دیسان و بۆ دواجار، لە شوێنی ئێستای چەسپ کرا.

کەواتە یادکردنەوەی ساڵانەی نەورۆز، خۆشی دەربڕینی ئەو کەسانە بوو، کە لە دەست سوارانی باجوەرگری داپڵۆسێنەری خەلیفە ڕزگاریان ببوو. بەمجۆرە، بە نەمری مانەوەی نەورۆز، تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوە بووە، کە ئەو ڕۆژە، ڕۆژی کۆتایی هێنان بوو، لە بەدوای باجدا گەڕان و تاڵان کردنی خەڵک. هەموو هۆکارە ئایینی و نەریتیەکانی دی، ڕۆڵیان نەبووە، دەنا جەژنەکانی دیش دەبا، وەک نەورۆز بمابانەوە.

**نەورۆزی هاوچەرخ:**

دوای لاواز بوونی دەوڵەتی عەبباسیان و دواتر نەمانی، دەستەڵاتی ناوچەکە بە گشتی، کەوتە دەست هۆزە تازە هاتووەکانی تورک. هەندێک لەوانە، لە ژێر کاریگەری مەلای توندڕەودا، ناو بەناو یادکردنەوەی نەورۆزیان قەدەغە کردووە و بە جەژنی ئاگرپەرستانیان داناوە. لەملاو لەولای وڵات، ناو بە ناو میرنشینی سەربەخۆ، یان نیمچە سەربەخۆش دەرکەوتوون. ئەمانە بە گشتی، لە بەرامبەر یادکردنەوە نەریتیەکانی جەژنی نەورۆز کراوەتر بوون. دیارە میرە کوردەکان، خۆیان بەشێک بوون لە پێکهاتەی فەرهەنگی گەلەکە. وەک تێکرای کۆمەڵانی دی خەڵک، لە جەژن و یادکردنەوەکانی نەورۆز و بۆنە ئایینیەکانیش، بەشداری خەڵکیان کردووە .

لە دوای باڵادەست بوونی تورکانی سەفەوی شیعە و دەست بەسەر داگرتنی بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەوێش یادکردنەوەکانی نەورۆز بە ئاسایی بەڕێوە چووە. تورکانی شیعە، هەوڵی زۆریان داوە، تا نەورۆز لەگەڵ ئایینی شیعە بگونجێنن و دەستەمۆشی بکەن. بە دەیان حەدیس و گێڕانەوەی ساختەیان بۆ ئەم مەبەستە دروست کردووە. وەک پێغەمبەر لە ڕۆژی نەورۆز و لە (غەدیری خوم)، ئیمام عەلی وەک جێگری خۆی ناساندووە. ئیمام عەلی، لە ڕۆژی نەورۆز بوو، کە بوو بە خەلیفەی چوارەم. لەساڵێکی نەورۆز، دیاریان بۆ پێغەمبەر هێنا، ئەویش وەریگرت و پەسەندی ئەم ڕۆژەی کرد. هێشتا زۆر ڕووداوی گەورەتریش بە نەورۆزەوە دەبەستنەوە.

لای سابیئە مەندائیەکانیش، ڕۆژی نەورۆز، یان ڕۆژی (پەروانیا) یان وەک هەندێک جار دەڵێن (پەنجە)، ڕۆژی دروست بوونی گەردوونە. هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو، کە لە ڕۆژهەڵاتی ژێر دەستی تورکانی شیعە، هیچ لەمپەرێک بۆ یادکردنەوەی نەورۆز نەبووە. هەموو داب و نەریتە کۆنەکانی ئەم یاد کردنەوانە، لەوێ بە زیندویی ماونەتەوە.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەی زایینی، دەوڵەتی عوسمانی، هەموو میرنشینە کوردیەکانی، لە باکور و باشور و ڕۆژئاوای ئەمڕۆی کوردستان، یەک لە دوای یەک ڕامالین. ئیدی بۆشاییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و دەستەڵات ڕانان، لەو بەشانەی کوردستان دروست بوو، کە بە کاربەدەستانی تورکی سوننە پڕ نەدەکرایەوە. کاربەدەستانی ئەستەمبوڵ، بۆ پڕ کردنەوەی ئەم بۆشاییە، کەوتنە هێنانە کایەی تۆڕێکی گەورەی شێخایەتی. سوڵتان، بە سەدان گوندی، لە سەر شێخان وەقف کرد، تا بتوانن کەلێنی نەمانی میرنشینەکان پڕ بکەنەوە و یارمەتی دەر بن، بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی، کە ڕۆژانە لە نێوان خێڵ و تیرە و تاکی خەڵکدا ڕوویان دەدا. یەکێک لەو کارەی کە شێخەکان کردیان، بریتی بوو لە دژایەتی کردنی توندی یاد کردنەوەی نەورۆز. ئەوان دیسان ئەمەیان بە جۆرێک لە ئاگر پەرستی دانا. شێخان بە پاڵپشتی کاربەدەستانی عوسمانی، لەم کارەیان سەرکەوتوو بوون. دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی یەکەم و نەمانی دەستەڵاتی عوسمانی، بە کردەوە، یادی نەورۆز، لە سێ بەشەکەی دی کوردستان، لەبیر کرابوو.

ئەمە تەنیا بەهێز بوون و تاوسەندنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی و ڕزگاریخوازانەی کوردی بوو، کە جارێکی دی، بۆ بە گەڕ خستنەوەی نەورۆز و هاندانی خەڵکیی، ئەم یادەیان زیندو کردەوە. هەموومان دەزانین کە پیرەمێردی شاعیر، چ ئەرک و ماندووبوونێکی کێشا، تا یادی نەورۆزی لە سلێمانی زیندوو کردەوە. زۆرێک لە خەڵکی ئەو کات، ئەویان بە بەکرێگیراوی ئینگلیز دەزانی و لایان وابوو کە مەنجەڵە دۆڵمەکانی ئاهەنگی نەورۆز، بە پارەی ئینگلیزەکان دروست دەکات. تا درەنگانێکیش، نەورۆز، لە گوندەکانی باشور، هەر نەناسراو بوو. لە باکوریش، تەنیا لە کۆتایی ساڵانی سەدەی ڕابردوو بوو، کاتێک کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان تاوی سەند، ئیدی دیسان نەورۆز، خزێندرایەوە ناو بەرنامەی خەباتی گەل.

**نەورۆز لە ئێستادا:**

ئەوەی بۆ من زۆر ڕوونە، چەندان جۆر یادکردنەوە و بیرهێنانەوەی نەورۆزە، لای گەلانی ناوچەکە. لای فارسەکان، نەورۆز یادی سەری ساڵە، بە کۆمەڵێک دابونەریتەوە. هەروەک جەژنێکی مێژویی کۆنە و ئەوەیان بیر دەخاتەوە کە ئەوان سەردەمانێک، یەکێک بوون لە زلهێزەکانی دنیا.

لای دەری و پشتونی زمانەکانی ئەفغانستان، نەورۆز تەنیا سەری ساڵی ڕۆژژمێری ئەفغانیە و پتر نیە. واتا یادکردنەوەی نەورۆز، هەموو نەریتەکانی لە دەست داوە.

لای ئەو گەلە تورکانەی کە لە کۆن و نوێدا، لەگەل گەلانی ئێرانی ژیاون، نەورۆز جەژنێکی کۆنی وەرگیراو بووە. یاد کردنەوەی، بەشێکە لە بیرەوەریەکانی ڕابردوو. دواتریش کە ئەو گەلانە، کەوتنە ژێر هەژمۆنی ڕووسەکان، مەبەستم لە ئازەری، کازاخی، تورکەمان و تا ڕادەیەکیش گەلانی داغستان و چەچێن و ئەنگوشە، ئەوا وەک جەژنێکی دژە ڕووس لە نەورۆزیان دەڕوانی. من کاتی مانەوەم لە (یەکیەتی سۆڤیەت)، زۆر جار لەسەر نەورۆز، لەگەڵ کەسانی ئەو شوێنانە دەدوام. هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون و پێداگریان دەکرد، کە نەورۆز جەژنی موسوڵمانانە. واتا نەورۆز کرابووە پێناسەیەکی گشتی بەرگری دژی خۆسەپاندنی ڕووسان.

لە کوردستان: بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و دابەش بوونی وڵاتمان، سێ شێوەی یاد کردنەوەی نەورۆز، شان بە شانی یەک دەردەکەون.

بەمجۆرە ئێستا سێ شێوە یاد کردنەوەی نەورۆز، لە کوردستان پیادە دەکرێت: یەکەمیان شێوە نەریتیەکەیە، کە هێشتا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوە. دووەمیان، ئەو نەورۆزەیە، کە لە ساڵانی بیستی سەدەی ڕابردوو، لە سلێمانی و بە ئەرک و ماندووبوونی پیرەمێرد، بە شێوەیەکی سیاسی، نەک نەریتیی، وەک بەشێک لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی، بۆ سەربەخۆیی، زیندو کرایەوە. لەو شێوە تازەیەی نەورۆز، دیاردەی ئاگر کردنەوە، لە ئێوارەی پێش هاتنی ڕۆژی نەورۆز، باوە. وا پێدەچێت دیاردەکە، زووتر لە ناوچە سنوریەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووبێت. هەر بۆ نمونە، لە ناوچەی سەقز، لەسەر کێوی (نەکەرۆز)، ئاگری نەورۆز دەکرێتەوە. ئەمە کەوتۆتە ناو دەقە گەلێریەکانیشەوە. وەک ئەم دوو بەیتەی کە لە کاک ماجید کوردستانی وەرمگرتووە:

خالێ ها وە بان گۆنای پیرۆزۆ... وەك شەم ئەسووتێ بە نەکەرۆزۆ

شەماڵ لە نووچکەی کێوی نەکەرۆز... هێنایە سەقز هەواڵی نەورۆز.

پیرەمێرد لەبارەی زیندووکردنەوەی نەورۆز نوسیویەتی: ((..لەبەر ئەوە من کە هاتمەوە، ئەم جەژنە کە لەناو ئێمەدا کۆن بوو بوو، تازەم کردەوە. هەر لەئەووەڵ ساڵیەوە دەردیسەری و ئەزیەتێکی زۆرم لەگەڵ کێشاو چەند جار ئاگریان کوژاندمەوەو بە ئاتەش پەرستی ئیتتیهامیان کردم، نەبەزیم و هەموو ساڵێك هەرچیم دەست ئەکەوت، ئەمکرد بەسەیرانی نەورۆز، کە تا ئێستا کەس ئەوەی نەکردووە)). دوای پتر لە 80 ساڵ، یاد کردنەوەی نەورۆز، بە شێوەیەکی دوور لە نەریتە باوە کۆنەکان، وەک کەرنەڤالێکی سیاسی، شوێنی خۆی لە ناو کۆمەڵگای باشوری کوردستان کردۆتەوە. ئێستاش نەورۆز لەو بەشە، بۆتە بەشێک لە سەیران و دەرچوونی خەڵک بۆ گەشت و خۆشی.

لە باکور، نەورۆز هێشتا ناسنامەیەکی سیاسی زەقی تێوە ئاڵاوە. هێشتا نەورۆز چەکێکی گەرمی خەباتە. هێشتا نەبۆتە بەشێک لە فەرهەنگی باوی خەڵکیی. لە ڕۆژئاواش، دیاردەکە، لە زۆر شێوە، وەکو باکور وایە.

ئەوەی کە دەمەوێت ئاماژەی بۆ بکەم، بریتیە لە کاریگەری بارو دۆخی سیاسی کوردستان، بەسەر یادکردنەوەکانی نەورۆز، لە هەموو پارچەکاندا. کوردان، نەورۆز وەک توخمێکی میللی و نەتەوەیی بەکاردێنن، کە پێناسەیەکی جیاوازیان پێ دەدات و لە گەلانی دی سەردەستە جیایان دەکاتەوە، کە وڵاتیان لێ داگیر کردوون. ئەمە لای داگیرکەرانی هەموو پارچەکانی کوردستان، زۆر دیارە. هەمووان لە هەوڵی ئەوە دابوون و هەن، تا بە بیانو و ناوی جۆراوجۆرەوە نەورۆز لە بیر خەڵکی بەرنەوە. کاتێک کە ئەمەشیان بۆ نەکراوە، ئەوا فێڵ و تەڵەکەی دییان داهێناوە.

سەردەمانێک ئێراقیەکان ناویان لە نەورۆز نابوو(عيد الربيع). گوایا جەژنێکی کۆنی کۆپتیەکانی وڵاتی میسر بووە، بەو ناوەوە. چونکە ئەوانیش بنئامۆزای عارەبانن، بۆیە نەورۆز جەژنێکی عارەبی بووە.

له سوریا ساڵانێکه ڕۆژی نەورۆز کراوەتە پشو بەڵام بە ناوی (جەژنی دایک) یادی دەکەنەوە.

له تورکیا، تا بەم دواییانە نەورۆز قەدەغە بوو. تازە تورکان بۆیان دەرکەوتووە، کە نەورۆز جەژنێکی تورکیە و کورد لێیانیان دزیون. وا خەریکن، تیپی جۆراو جۆری هونەری، گەلانی دی جیهانی تورکی، ناوەڕاستی ئاسیا، دێننە تورکیا تا یادی نەورۆزیان بۆ بکەنەوە.

ئێرانیەکان هیچ لاریان لەوە نیە، گەر گەلانی دی ئێران، یادی جەژنی نەورۆز بکەنەوە، بەڵام ڕێگرن لەوەی کوردان، بە شێوەی کۆمەڵ و پێکەوە یادەکە جەژن بگرن. دیارە لە گردبوونەوەی بە کۆمەڵی کوردان لە یەک شوێن دەترسن.

سەرچاوەکان:


غەنی بەلوریان. ئاڵەکۆک. بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم. ستۆکهۆلم. 1997.

شاسوار هەرشەمی. مێژوی ئارامیەکان لە کوردستاندا. دەزگای پەخشی سەردەم. سلێمانی. 1999.

شاسوار هەرشەمی. کارنامەی ئەردەشێری بابەکان. دەزگای پەخشی سەردەم. سلێمانی. 2000 .

شاسوار هەرشەمی. فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی کوردی هەرشەمی. (بڵاونەکراوەتەوە.(

شاسوار هەرسەمی. زانستی بەراوردکردنی پێوانەیی لە زمانە هیندۆرووپیەکان.(بڵاونەکراوەتەوە.(

حلمی عەلی شەریف. داستانی نەورۆز و نەورۆزی کوردستان. بەغدا. 1991ز .

ژین. ژمارە 958. مارتی 1949.

هەژار موکریانی. هەنبانە بۆرینە. فرهنگ کردی-فارسی. سروش. تهران. 1369 .

ئارتوور کریستێنسێن. ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان. وەرگێڕ، سەلاحەددین ئاشتی. سلێمانی. 2006ز.

دیوانی شاعیران نالی و هێمن.

المسعودی. مروج الذهب. الجزء الثاني. طبعة 1965 .

ابو ريحان البيروني. الآثار الباقية عن القرون الخالية. خليل عمران المنصور. دار الكتب العلمية. 2000.

جرجي زيدان. تأريخ التمدن الإسلامي. الجزء الثاني. القاهره .

جمشيد سروش سروشيان. فرهنگ بهدينان. تهران. 1335.

زبیح الله صفا. تاریخ ادبیات ایران. ب 5. تهران. 1366.

محمود روح الامینی. آیین ها و جشنهای کهن در ایران امروز. آگاه. 1376.

محمد معین. فرهنگ فارسی معین. چاپ اول. تهران.1363.

.Lennart Warring och Taina Kantola, Gilgamesheposet. Natur och kultur. Stockholm. 1996

.Watkins, Calvert. How to kill a Dragon : Aspects of Indo-European Poetics. Oxford 1995